# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی . رۆشنبیریی گشتی یە

ژمارە: ٣٩ & ٤٠



# راسان

ژمارەی
تایبەت بە راسانی نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان

# Tishk

39&40

گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتێرنێت

http://www.kurdistanmedia.com
E- mail:
tishk_mag@yahoo.com
tishkmagg@gmail.com

کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەریدەکا

# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یه


کۆمیسیۆنی پەروەردەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەریدەکا


## ژمارەکانی ٣٩و٤٠


پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی

جۆلای ٢٠١٦ی زایینی

ژمارەکانی ٣٩و٤٠

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

تایپ: ئاسۆ ساعدی

مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.

# لەم ژمارەیەدا

وتەی ژمارە ...................................................................... ٥
کاریگەری گۆرانکاریی لە بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە سەر شۆرش و بزوتنەوەی رزگاریخوازی خۆرهەڵاتی کوردستان ........................................................................................ ١٩
بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانی رۆژهەڵات و دەرفەتەکانی لە دەستچووی .................................................... ٣٧
گەڕانەوەی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ: وەرچەرخانێکی مێژووی ............................................................................. ٤٧
رۆڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو خەباتی نەتەوەیی دا ........................................................................................ ٦٣
دوواهاتەکانی دارِمانی دیواری بەرلین و کاریگەریانی لەسەر خەباتی خۆرهەڵاتی کوردستان ............................................ ٧٥

## دۆخی کورد

## لە ژێر کاریگەریی پێماننانە نێونەتەوەییەکاندا

سایکس پیکۆ و چارەنووسی کورد ........................................ ٨٧
سایکس پیکۆ لە دەورانی دەسەڵاتداریێتی ئەمریکا چی بەسەر دێ! ئایا ................................................................... ١٠١
Sykes – Picot û qedera gelê Kurd ....................................... 117
Şiroveya Pirsa Kurd Di danûstandinên Zilhêzan De ............ 133

گۆڤاری تیشک

لەسەر ئینتیرنیت

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk
E- mail:
tishk_mag@yahoo.com
tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# خەبات

# لە پێناو چیدا؟

د. ئاسۆ ڕۆژهەڵاتی

پرسیار لە شێوە گونجاوەکانی خەبات بۆ واقیعی ئێستای کوردستان، دەمانباتە سەر پرسیار لە چییەتیی خەبات و لەپێناوی چیدا بوونی خەبات. ڕەنگە ئەم پرسیارانە بۆ نەتەوەیەک کە نزیکەی سەد ساڵ خەباتی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی بووە، بە پرسیاری سادە و ساویلکانە دابنرێن. بەڵام کاتێک کە لە زۆر لایەنەوە هەوڵ دراوە پێناسە و ئامانجەکانی ئەو خەباتە چەواشە بکرێت، هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بۆ چوونە نێو باسی شێوە شیاو و گونجاوەکانی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.ڕەنگە باشترین خاڵی دەستپێک بێت

لەگەڵ گەشە و پەل هاویشتنی مۆدێرنیتە لە ئورووپادا و لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانە قووڵەدا، لەلایەکەوە بە هەڵکشانی یەکجار زۆری وڵاتانی ڕۆژاوا و لەجێدا مانەوەی وڵاتانی پەراوێز و پەل هاویشتنی سەرمایەداریی ئەو وڵاتانە بۆ بازاڕ و سەرچاوەی وڵاتانی لای ئێمە و لە لایەکی ترەوە بە هاتنە کایەی بیرۆکە و ئایدیای نوێ کۆمەڵگا پێش‌مودێرنەکان و لەوانە کۆمەڵگەی کورد خۆی لە بەرانبەر جیهانێکی نوێدا بینییەوە. خۆ بەراورد کردن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوادا، خەونی پێشکەوتن و بەدیهێنانی ژیانێکی ئازادی لە ناوچەکەدا دروست کرد. هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سنووردار کردنەوەی دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاریان بە ڕێگەیەک بۆ دەرباز بوون لە دەسەڵاتی تاکەکەس و یاسامەند کردنی کۆمەڵگا و دەستەبەر کردنی ئازادی دیت.

بزاڤی مەشرووتە لە ئێراندا، دەیتوانی خاڵێکی دەستپێک بێت بۆ نـوێکردنەوە و دەرچـوون لە سـەرەڕۆییە بێیاسـاکانی دەسـەڵات لە ئێرانـدا. ئامـانجی ئەو بـزاڤە سـەروەر کردنـی یاسـا لە وڵاتـدا و گەڕاندنەوەی حـوکم بۆ خەڵک بوو. بەڵام ئەو بزاڤە شکستی هێنا؛ چـون نە لەلایەن هێـزە دژەدیموکراتەکـانی ئەوسـای ئێـرانەوە و نە لەلایەن وڵاتـانێکی ئیسـتعماری وەکـوو ڕووسـیە و ئینگلیسـەوە دەسەڵاتی خەڵک و حـاکم بوونی خەڵـک بەسەر چارەنووسی خۆیدا تەحەممـول نەدەکـرا. ئەوە بـوو بە کوودتـایەک زەمینەیـان بـۆ بە دەسەڵات گەیشتنی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان خۆش کرد.

ناسیۆنالیستەکانی ئێران، بە بیانووی هەوڵ بۆ یەکگرتوویی وڵاتەوە، هەوڵـی سـەرکوتکردنی هەمـوو نەتەوەکـانی ئێرانیـان دا. پـاش سـەرکەوتن بەسـەر کەسانی وەکـوو سـمکۆ، شـێخ خەزعەل، شـێخ محەمەدی خیابانی، میرزا کوچک و ... دەیانزانی کە ئەگەر زمان و فەرهەنگـی ئەو نەتەوانە نەسـڕنەوە جێژنـی سـەرکەوتنیان زۆر ناخایەنێت. دیارە ئەوەیش دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزی دەویست کە نەک بەرۆکی بە هێزی نەتەوەکانی ئێران دەگرت بەڵکوو دژی هەر هێزێکی دیموکراتیکی ناوەندیش دەوەستایەوە. بۆیە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مودێڕن لەسەر دەستی ناسیۆنالیزمی فارس، شەڕی دیموکراتیک بوونی دەسەڵات و دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئازاد بۆ نەتەوەکان و گەلانی ناوچە، خۆی لە سێ تەوەردا دەبینێتەوە: شەڕی دابەش کردنەوەی دەسەڵات لەنێوان گەلانی ئێراندا، شەڕی

دیموکراتیک کردنەوەی دەسەڵات و گەڕانەوە بۆ خواست و ئیرادەی خەڵک و شەڕی دژی سڕینەوە، تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆن.

ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی کوردستانی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا بدەینەوە، بە خۆڕاگرییەکی بێوێنەوە خەباتی لەو سێ تەوەرەدا درێژە پێ داوە کە لە بنەڕەتدا خەباتێکە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد و بەڕێوەبەریی وڵات لەسەر ئیرادە و خواستی خەڵک.

### ئایا خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشکەوتنخوازە؟

بەو پێناسەیەی کە لە خەباتی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات باسمان کرد، وەڵامی ئەم پرسیارەیش ئاشکرایە. بەڵام بە لەبەر چاو گرتنی تێبینی و بۆچوونی کەسانێکی بەڕواڵەت پێشکەوتنخواز دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەیش هێندێک ڕابوەستین. خەباتی ڕەوای گەلی کورد بۆ مافی چارەنوسی خۆی لە دوو لایەنەوە هێرشی دەکرێتە سەر: یەکەم لەلایەن یەکیەتیی ڕانەگەیەنراوی ناسیۆنالیسمی فارس، ڕاسیسمی تورکی و کاربەدەستانی دەسەڵاتی ناوەندییەوە و دووەم لەلایەن هەندێک لە ناوەندەکانی چەپی ئێرانییەوە.

لایەنی یەکەم دەیەوێت خۆی بە نوێنەری مودێڕنیزاسیۆن بنوێنێت و هەوڵ دەدات ڕواڵەتێکی عەشیرەیی ببەخشێت بە بزاڤی نەتەوەیی کورد و لەو ڕێگایەوە خواستی پێشکەوتووی بزووتنەوەی کورد بۆ گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خودی خەڵک لەژێر سیمای ناشیرینی عەشیرەدا لە چاوان ون بکات. ئەم لایەنانە مێژوو و ڕابردووی واقیعیی هەموو ناوچەکە لە بیر دەکەن و تەنیا بە تیشک

خستنه سەر ئەو لایەنە لە کۆمەڵگەی کوردی دژ بە بزووتنەوەی کوردستان دەوەستنەوە. بێگومان پەرەنەسەندوویی ئێستای زۆرینەی شوێنەکانی ئێران بە کوردستانیشەوە نکۆڵی لێ ناکرێت؛ بەڵام بە سەرنج دانێک بۆ نموونە لە ڕابردووی کۆمەڵەی ژێکاف دەری دەخات کە دەرباز بوون لە دەسەڵاتی عەشیرە لە خواستەکانی بزووتنەوەی کوردی بووە؛ بۆیە داشکاندنی خواستی گەلی کورد بۆ سیمای عەشیرەیی و هەوڵی پاساو دانی دەسەڵاتی نادیموکراتیک و زۆربەی جار سەرەڕۆیانە لەو سۆنگەیەوە، هەوڵێکی ئیرتجاعییە بۆ وەستان لە بەرانبەر هێزی پێشکەوتنخوازی بزووتنەوەی کوردیدا.

لە لایەکی ترەوە، هەندێک چەپی ئێرانی خواستی بزووتنەوەی کورد وەکوو خواستێکی ناوچەیی پێناسە دەکەن و لەو ڕوانگەیەوە خۆیان بە لایەنێک دەبینن کە کێشە گشتییەکانیان بۆ گرینگە و هەر لەوێشەوە بزووتنەوەی کوردی بە تەسکبیری و کورتبینی و دواکەوتوویی تاوانبار دەکەن. ئەوانە بە دانراو دانانی وەزعی هەبووی ئێستا و بە لە بیر کردنی ئەوەی ڕۆیشتووە، بیرێکی هەم زۆر دژە مێژوویی و هەم پارێزگارانە و موحافزەکارانەیان هەیە. چون وەزعی ئێستا نەک بەرهەمی چارەسەر کردنی کێشەکان بەڵکوو بەرهەمی سەرکوت و کوشتوبڕە و ئەوان بە نەدیتنی پێویستیی دابەش بوونی دەسەڵات بۆ دیموکراتیک بوونی ناوچە، درێژە بە وەزعێکی پێشتر لەلایەن ئیرتجاعەوە سەپاو دەدەن و خۆیشیان دەکەونە ئەو بەرەیەوە. داگیرکەری وەکوو گوتارێکی زاڵ کراو، بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، جار بەپاساوی ترازان لە سنوورەکانی ئیمپراتۆریایەکی

وەهمیی وەکوو هەخامەنشی و هەڕەشەی کوشتوبڕ و جار بەپاساوی کێشەی مرۆڤی و جیهانی و هەوڵ بۆ نەدیتنی کێشەی واقیعیی خەڵکی واقیعی.

بزووتنەوەی کوردی لە ڕێگەی هەوڵی بەرز کردنەوەی دەنگە کپ کراوەکان و بە بەرچاو خستنی سیما نەبینراوەکانەوە، بە خۆڕاگری لە بەرانبەر هەوڵی بێدەنگ کردن و نەبینین و بە سووک سەیرکران لەلایەن هێزەکانی ناوەندەوە، دژی تواندنەوە، بێبەش بوونی گەلانی ئێران لە دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرەڕۆیانەی دەسەڵات خەبات دەکات و بۆیە بە پێشکەوتنخوازترین بزووتنەوەی نێو ئێران دێتە ئەژمار.

## ماهییەتی داگیرکەر چییە؟

یەک لە خوێندنەوەکان بۆ سەردەست بوونی نەتەوەیەک لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا و ستەمی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا، ئەوەیە کە بە هەر هۆیەک نەتەوەیەک لە پەرە سەندندا دەکەوێتە پێش نەتەوەکانی دراوسێی و هەوڵ دەدات لە سەرچاوەکانی ئەوانیش کەڵک وەربگرێت بۆ پەرەسەندنی زیاتری خۆی. دیارە یەکگرتوویی خاک لێرەدا بازاڕ و سەرچاوەی ئەمن دەستەبەر دەکات. دێر یان زوو نەتەوەکانی تر بەو چەوسانەوە و دادۆشرانەی خۆیان دەزانن، بۆیە ئیدیۆلۆژییەک پێویستە بۆ سووک سەیر کرانی نەتەوەکانی تر تەنانەت لەلایەن خۆیانەوە: ئیدیۆلۆژییەک بۆ پاساودانی ئەو دۆخە

نابەرابەرەو سەندنەوەی هەر جۆرە بڕوا بە خۆ بوونێک لە گەلانی ژێر دەست.

لە ئێراندا، کۆکرانەوەی دەسەڵات لە دەستی یەکیەتیی تورک-فارس لە ناوەنددا و چەوسانەوەی گەلانی تر چ لە بواری ئابوورییەوە و چ لە باری سووک سەیر کردن و متمانە بە خۆ لێ سەندنیانەوە و نزم کردنەوەیان تا ئاستی کۆیلەی وەزعیەتی سەپاو، بەرچاو و ئاشکرایە. لە ڕێگای دوانەی مەحەللی/میللی-یەوە ئەو زنجیرەیەی دەسەڵاتی ناوەند-پەراوێز دەسەپێنرێت و هەر شتێکی پەیوەندیدار بە گەلانی پەراوێز بە مەحەللی(ناوچەیی) و پلە دوودەژمێررێت. -ئەگەر چی تورک لە باری فەرهەنگییەوە بە چەوساوە دەژمێررێت، چۆنیەتیی کارلێکی دوو نەتەوەی فارس/تورک پێویستی بە لێکدانەوەی سیاسەتی ناسنامەی نێو ئێرانەوە هەیە و لێرەدا باس ناکرێت- سەیر لەوەدایە هەر چەشنە هەوڵێک بۆ دەرباز بوون لە دۆخی کۆیلەیی/داگیرکراوی دەکرێتە پاساوێک بۆ پێشگرتن بە پێشکەوتنی ناوچەکە و بە ئەمنیەتی و میلیتاریزە کردنی زیاتربیانوو بۆ وەزعیەتی داگیر کردن و چەوساندنەوە دادەتاشرێت و کێشەکە قووڵتر دەکرێتەوە.

ئیستە دەبینین بنارەکانی ڕۆژاوای زاگرۆس کە لەباری ئاو و نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانەوە، لە هەرە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێرانە، لە باری ئابووری و ئاوەدانکردنەوەوە لە خراپترین دۆخدایە و بە قەدەغە کردن و سووک کردنی زمان و فەرهەنگەکەیشی هەوڵی تواندنەوە یان سەندنەوەی بڕوا بە خۆ بوونیان دەدرێت.

بێگومان داگیر کردن و هەوڵی بەکۆیلە کردنی مرۆڤەکان لەگەڵ هەر بزووتنەوەیەک کە دەیەوێت مرۆڤەکان ئازادیی گەشەسەندنی هەمەلایەنەیان ببێت ناتەبایە؛بۆیە هەر هێزێک ئەگەر بە هەڵگرتنی هەر جۆرە دروشمێکی بە باق و بریق و بە ڕواڵەت ئیمرۆییانە، ئەگەر کێشەی بنەڕەتیی چەوساندنەوە نەبینێت و هەوڵی لە بیر بردنەوەی ئەو ستەمە مێژووییە بدات، هێزێک دەبێت بۆ پاساو دانی دیاردەی دادۆشین، لە خزمەتی داگیرکەردایە و دژی هێزە پێشکەوتنخواز و پێشڕەوەکان دەوەستێتەوە.

## خەبات و سیاسەت لە چ بوارێکدا

مرۆڤی خەباتکار کەسێکە کە لەپێناو ئامانجێکدا تێکەڵ بە دیاردە کۆییەکانی دەسەڵات دەبێت؛ هەر جۆرە هەوڵێک بۆ گۆڕینی هاوکێشەکانی دەسەڵاتلە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا بە جۆرێک لە سیاسەت کردن دادەنرێت. جودا لەوەی کە لە پێناوی چ ئامانجێکدا سیاسەت دەکرێت و لەباری ئەخلاقییەوە چ ئامرازگەلێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بەکار دەهێنرێت، سیاسەت هونەری بە دەست هێنان، بەکار هێنان و ڕاگرتن و هێشتنەوەی هێز و دەسەڵاتە. بەم پێناسەیە خەباتی گەلی کورد هەوڵ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لە ڕێگەی دابەش کردنی دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئازاد بۆ کوردی بنارەکانی زاگرۆس و کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. دیارە بەپێی جۆرەکان و ئاستەکانی هێزی داگیرکەر و هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریدەر، ڕێچکە و شێوازی خەبات

دەگۆڕرێت. لەبەر مەبەستی ئەم نووسراوەیەلێرەدا زۆر بەخێرایی ئاماژە بەوە دەدەین کە پاش پێناسەکەی جۆزێف نای لە دەسەڵاتی نەرم، جۆرەکانی هێز بە سەر دوو دەستەی هێزی سەخت و نەرمدا دابەش دەکرێن. هێزی نەرم توانای قەناعەت پێ هێنان و ڕاکێشانی هاوکارانەیە بەپێی بەها سیاسی و فەرهەنگییەکان و هێزی سەخت توانای پێمل کردنی بەرانبەر بە خواستە لەڕێگای ناچار کردنەوە وەکوو هێزی چەکداری و دەسەڵاتی ئابووری.

ئاشکرایە کە داگیرکەر هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ خۆی دەوێت و لەسەر بنەمای هێزی سەختی چەکداری و ئابووری، کۆنترۆڵی مێشکەکانیشی دەوێت و هیچ ڕکەبەرێک بۆ خۆی تەحەممول ناکات. لێرەدایە کە پێشکەوتوویی، توانای ڕازی کردن و قەناعەت پێهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردستان بەشێک لەو هێزە نەرمەیە کە داگیرکەر لێی دەترسێت و جێی گومانیش نییە کە لەسەر ئەو بەستێنە هێزی سەختی چەکداریی بزووتنەوە دەتوانێت هەڕەشەیەک بێت لە مانەوەی هاوکێشەی ئێستای هێز.

### دیموکراتیزاسیۆنی ئێران یان ڕزگاریی نەتەوەیی؟

ئەگەرچی بەپێی ئەو پێناسەیەی پێشتر کرا، خەباتی گەلی کورد لە ئێراندا، پێشڕەوترین خەباتی نێو ئێران بووە بەڵام چون جیاواز لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان، لە باری ژمارە و جەمعیەتەوە، لە ئێراندا نەتەوەی سێیەمە، بەلەبەر چاو گرتنی هێز و دەسەڵاتی ناوەند، بۆمان دەردەکەوێت کە بەبێ هاودەنگیی نەتەوەکانی تری ئێران،

ناتوانێت شەڕی مان و نەمان لەگەڵ ناوەند بکات. هەر وەها چون کێشەی گەلانی ئێران، ئێستا لە شەڕی دیموکراسیخوازیی سەدەی پێشەوە بووە بە کێشەی داگیرکران، جیاواز لە کەڵکەڵەکانی نەتەوەکانی ناوەند، دابەش کردنی دەسەڵات بە پێشمەرجی دیموکراتیک بوون دەبینرێت. ئەگەرچی نەتەوەکانی ناوەند لە باری ئابوورییەوە وەزعی مەجوود لە بەرژەوەندییاندایە، بەڵام لەو ڕووەوە کە دیموکراتیزاسیۆن لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا بە مانەوەی دوانەی داگیرکەر/داگیرکراو بەدی نایەت؛ کەچی بەو گوتارەی کە بەسەریاندا سەپاوە لە قووڵایی کێشەکە تێناگەن. ئەوەیە هاودەنگ کردنی نەتەوەی ناوەند لەگەڵ بزووتنەوە بۆ گۆڕینی شێوازی دەسەڵات بەشێوەیەک کە داگیرکرانیش بسڕێتەوە، زۆر دوور دەنوێنێت. لەم ڕووەوە هەڵەیە ئەگەر خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تیۆرییەکانی ئینقلاب و هەوڵ بۆ گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداریی ناوەند لێک بدرێتەوە.

خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات خەباتی ڕزگاریی نەتەوەییە و دوو ڕێگەی لەپێشە: یان هاوشانی نەتەوەکانی تر خەباتێک بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و ڕووخاندنی سیستمی داگیرکەری بدات یان ئەوەی کێشەی خۆی لە نێو سنوورەکانی ئێران بباتە دەرەوە و خۆی بە ناچاری مانەوەی نێو ئەو سیستمە داگیرکەرییە نەبینێت. سروشتییە بەلەبەر چاو گرتنی شێوەکانی بەرخۆدان، لەو حاڵەتەدا خەباتی دابەش کردنی دەسەڵات دەبێتە خەباتی ڕزگار بوون لە سیستمی داگیرکەری.

## سێ قۆناغی مێژووی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات

خەبـــاتی کوردســـتانی ڕۆژهەڵات گەلێـــک هەوراز و نشـــیوی تێپەڕانـدووە. بەڵام لە ڕێچـکەی ئەو خەبـاتەدا دەتـوانین سێ خـاڵی گرینگ دیاری بکەین. سەرەڕای ڕۆڵی سمکۆ و شێخ عوبەیدیللا لە بێچم گرتنی خەونی دەوڵەتی کوردی خاڵی گرینگی مێژوویی یەکەم کۆماری کوردستانە، کە بەرهەمی وشیاریی بەرهەمهاتوو لە تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکاف و هەلومەرجی ناوچەیی بوو. کۆماری کوردستان یەکەم ئەزمـوونی حکوومەتـداریی کـوردی ڕۆژهەڵات بـوو و وەکـوو بیـرەوەرییەک پێگەیەکی گرینگی لە مێژووی گەلی کورد بەگشتی هەیە. پاش ڕووخـانی کۆمار سـەرەڕای هەوڵی چەکداریی ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷ و گرینگیـی ئەو جـووڵانەوەیە، لە بەرهەمهێنـانی گوتـاردا، دووەم خـاڵی گرینگـی مێژوویـی سـاڵەکانی پـاش شۆڕشـی ۱۳۵۷ ی ئێـرانە. لەم قۆنـاغەدا شـۆڕش بە جەمـاوەری دەبێـت و جەمـاوەری کوردستان لە شـەڕێکی دەستەو ئـێخەدا بەتەواوی مـاهیەتی دوانەی داگیـرکەر/داگیرکـراو و جێگیـر بـوونی ئەو دوانەیە لەسـەر بنەمـای هێزی سەختیان بۆ دەرکەوێت.

ئەو دوو قۆنــاغەهەر یەک بە شــێوەیەک لە پێگەیانــدنی ڕۆحــی نەتەوەییدا کاریگەرییان بوو، لە دەرەنجامی ئەو دوو پێگە مێژووییەدا، مرۆڤی کورد چاوی بەڕووی دنیادا کرایەوە. شـەڕێکی درێژخایەن و دژوار لەگەڵ داگیــرکەردا، کەوتــنە نێــوان بەرداشــی شــەڕی دوو داگیـرکەر و هەروەهـا گـۆڕانە جەمعیەتییەکـانی وەکـوو زیـاد بـوونی

ڕێـــژەی جەمعـــیەت لە شـــارەکاندا، چـــوونە ســـەرەوەی ئاســـتی خوێنـدەواری، زۆربـوونی ژمـارەی دەرچـووی زانکۆئێسـتا زەمینەیەکـی خولقاندووە کە ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بێوێنە بەرز ببێـتەوە. ئەم گۆڕانـانە هاوکـات لەگەڵ زۆر بـوونی میـدیای گشـتی و ئامرازەکانی پەیوەندی زەمینەی تەواوی خاڵێکی وەرچەرخانی خەباتی پێکهێنـاوە. دیـارە گـۆڕانە ناوچەییەکـانیش لە پێکهـاتنی دەوڵەتـی هەریمـــی کوردســـتانی باشـــوورەوە بگـــرە تـــا دوو شـــەڕی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کەنداو و شەڕی سووریە و بەردەوامیـی خەبـات لە تـورکیە، بـێجگە لە بـردنە سـەرەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی خەڵک، زەمینەی ناوچەییشی بۆ هاتنە کایەی گۆڕان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتـدا خـۆش کـردووە. بـۆیە دەکرێـت ئەم قۆنـاغەی خەبـاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە سێیەم خاڵی گرینگی خەباتی سەد ساڵەی پێشوو دابنێین.

ئێستا لە بنارەکانی زاگـرۆس، لەشـکری بێکـار و پێپەتـی، کـۆڵبەر و دەرسخوێندوو کە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ناوەندەکانی بڕیاردان دوور خـــراونەتەوە، زیـــاتر لە هەر کاتێـــک چـــۆنیەتیی کـــارلێکی ناوەند/پەراوێزیان بۆ دەردەکەوێت و بەسترانەوەی هەوڵی سڕینەوەی فەرهەنگ و زمانیان بە ئەو میکانیزمی چەوساندنەوەوە دەبینن.

### گۆڕانی گوتار

لە یەکەیەکی سیاسیی وەکوو ئێراندا کە لە باری ئایینی، ئایینزایی و ئیتنیکیـیەوە فرەچەشـنە هەوڵـی پێکهێنـانی دەوڵەتـی مـودێڕن و

نەتەوەسازی لەسەر بنەمای پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکی پێشوو و هەوڵی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوە، لەگەڵ درزگەلێکی ناسنامەییدا بەرەورِوو دەبێتەوە. ئەم جیاوازییە ناسنامەییانە، رِۆڵێکی گرینگیان لە ئاڵۆز کردنی شێوەی خەباتی رِۆژهەڵات گێرِاوە. درزەکان لەگەڵ ناوەند ئەگەر لەسەر یەک بکەون یەکتر قووڵتر دەکەنەوە و ئەگەر یەکتربرِ بن یەکتر لاواز دەکەن. ئەگەر ناوچەی لورِستان لەباری ئیتنیکییەوە جودا لە ناوەندن و بە هاودەنگی لەگەڵ هاوناسنامە نەتەوەییەکانیاندا دەتوانن دەست لەسەر درزی ئیتنیکی لەگەڵ ناوەند دابنێن، لەباری ئایینییەوە شیعەن و ئەم جار درزەکە لەگەڵ هاونەتەوە سوننییەکانیاندا خۆی دەنوێنێت. بۆیە لەسەر یەک کەوتنی درزی سوننە/شیعە و کورد/فارس لە ناوچە کوردییە سوننەکاندا ناسنامەیەکی بەتەواوی جیاوازی لە ناوەند دروست کردووە. بەڵام یەکتربرِ بوونی ئەو دوو درزە لە لورِستان و کرماشاندا، بوەتە هۆی لاواز بوونی هەستی جودایی ناسنامە لە ناوەند. جێی ئاماژەیە چالاک بوونەوەی هەر کام لەم درزانە خۆی بە هەلومەرجی مێژوویی و گوتارەکانی دەسەڵات/بەرەنگار کەوتووە.

بەڵام ئەمرِۆ لەسەر چەوسانەوە و داگیر کردنی زاگرۆس پتر لە هەر کاتێک رِووی خۆی ئاشکرا دەکات، سروشتی زیادەخوازی داگیرکەری گەیشتووەتە ئاستی گەیاندنی ئاوی زاگرۆس بە بیابانەکانی ناوەرِاستی ئێران و بەتینوو هێشتنەوەی زەوییەکانی بناری زاگرۆس، سووتاندن و شێواندنی ژینگە بۆ شێواندنی شیرازەی کۆمەڵایەتیی خەڵکی زاگرۆس و هەڵکەندیان لە شوێنی خۆیان بە

مەبەستی تواندنەوەیان، پێش گرتن بە ئاوەدان بوونەوە و گەشە کردنی ناوچەکە. هەر هەوڵێک پاراستنی ناسنامە، فەرهەنگ و زمانی بنارەکانی زاگرۆس بە مەترسییەک بۆ سەر وەزعی داگیرکران دادەنرێت.

ئەم خوێندنەوە داشکاندنی کێشەی سیاسیی کورد بۆ کێشەی ئابووری نییە؛ بەڵکوو ترازانە لە خوێندنەوەی درزە ناسنامەییەکانی کورد/فارس، شیعە/سوننی و ئاشکرا کردنی سیمای دوانەی داگیرکەر/داگیرکراوە.بنارەکانی زاگرۆس بە بەرز کردنەوەی دەنگە نزمەکانی ژنان، ژینگەپارێزان، پێپەتییەکان و زمان و فەرهەنگی لە یاسا دەرکراوی زاگرۆس هەموو چەوساوەکانی زاگرۆس سروشتی داگیرکەر/داگیرکراو دەربکەوێت و لەو ڕێگەیەوە خەباتی کوردستان وەکوو خەباتی بندەستانی زاگرۆس بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک، خۆی بنوێنێتەوە. دیارە خەباتێکی لەو چەشنە دەرچوون لە دوانەی داگیرکەر/داگیرکراو بە بنەما دەگرێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک کە تێیدا دەنگە نزمەکان توانای دەنگ هەڵبڕینیان ببێت.

# کاریگەری گۆڕانکاریی لە بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە سەر شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خۆرهەڵاتی کوردستان

مامۆستا پرویز ڕەحیم قادر

**پێشەکی:**

شـــۆڕش و شۆڕشـــگێری مێـــژووی بەدرێژایـــی مێـــژووی شارســتانییەتی مــرۆڤە و لەوانەشــە لە روانــگەی ئەفســانە و روانــگە ئایینیەکانەوە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مـرۆڤ لە سـەر زەوی بە هۆی یاخی بوون بێت لەهەمبەر یاسا خواوەنـدییەکانەوە کە جـۆرێکە لە شـۆڕش دژی بەهـا و نـۆرمی زاڵ هەرچەنـدە ئاسمانی و پیـرۆز و هەوڵـێکە بـۆ "خودبـوون" و بەدەسـتەوە گرتنـی چارەنووسـی مـرۆڤ بەپێی ئیرادە و ویستی خودی مرۆڤ یاخود رازی نەبوون بە کۆت و بەنـد و بەربەسـت، هەرچەنـدە خواوەنـدی بێـت. بە پێشـکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دروستبوونی دەسەڵات، هەرچەندە سەرەتایی و رووت، بەڵام ئەوە شۆڕشـــیش وەکـــوو دووانەیەک لەگەڵـــی سەرهەڵدەدات.

ئەرەسـتۆ لە کتێبـی سیاسـەت دا بە روونـی بـاس لەوە دەکـات کە تەواوی شێوازەکانی حوکمرانییەتی شایەنی ئەوەن کە شۆڕشیان لەدژ بکرێـت. بە شـێوەیکی گشـتی شـۆڕش بە درێژایـی مێـژوو یـان دژی حـوکمرانی وسیسـتەمی زاڵ و بـاو بـووە(رەهەنـدی سیاسـی) و یـان ئەوەی کە بـوار و رەهەنـدی دیـکەی گرتـۆتەوە وەکـوو: شـۆڕش کەلتووری، شۆڕشی هزری، شۆڕشی ئایینی، شۆڕشی زانستی، شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی هونەری، شۆڕشی زانیاری و...هتد.

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ شۆڕش وەکوو کارێکی شۆڕشگێرانە کراوە و لە کودەتا و ریفۆرم جیاکراوەتەوە. ئێمە مەبەستمان نییە کە باس لەو پێناسـە جۆراوجـۆرانە بکەیـن. بەڵام خـاڵی بنەرەتـی بـۆ شـۆڕش گۆرانکاری بنەرەتی و بنچینەیی و خێرایە لە هەموو جـومگە و بونیـاد و بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییە کە دەتوانێت بەتوندوتیژی یاخود بە رێگەی ئاشتیانە بێت کە بەداخەوە ئەزمـوونە مێژووییەکـان پێمـان دەڵـین کە شۆڕشـەکان کەمتـر ئاشتیانەن، بەتایبەت شۆرشە سیاسییەکان. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشیش بەپێی روانگە و ئایدۆلۆژیان و بکەرەکانی و هەروەها کات و شوێن یەک نیین و چەندین بوار و رەهەندی جۆراوجۆری مادی و هزری دەگرنە خـۆ. بەڵام خاڵی جەوهەری ئەوەیە کە شۆڕش تەنیا پرۆسـەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو کۆمەڵێـک کـردەی سیاسـییە. بۆیە دەتوانیین بڵێین کە هۆکاری بنچینەیی شـۆڕش هۆشـیار بـوونەوە و ئاگابوونەوەیە لە ئەوەی کە "دەبێ" لەگەڵ ئەوەی کە"هەیە.

یەکێـک لە باشـترین روانگەکـان بـۆ شـۆڕش روانـگەی "تومـاس کۆهێن"ە کە شۆڕش بە گۆرانی پارادایم دەزانێـت و دەڵێـت: شـۆڕش چ زانستی بێت یاخود سیاسی ئەوە گۆرانی پارادایمە .

لێـرەوە تەنیـا ئەوە دەڵـێن کە بـۆ ئـێمەی کـورد شـۆڕش بە واتـای ئـازادی و دەسـتەبەر کردنـی مافەکانمـان بـووە و جۆرێـک بـووە لە گرێدانی دیموکراسی و خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی و دیاریکردنی چارەنووس و دەستەبەرکردنی ئەو مافە بۆ تاکەکانی کوردستان لە هەمـوو پارچەکـان. هەر چەنـدە شۆڕشـی نەتەوەیـی و شۆڕشـی

دێموکراسی مەرج نییە کە بەپێی ئەزموونە مێژووییەکاندا هاوتەریب بووبن.

ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستە کە وڵام بدرێتەوە یاخود تیشکی بخرێتەسەر وڵامی ئەم پرسیارەیە کە: چ پێوندەییەک لە نێوان شۆڕش و یاساکانی نێودەولەتییدا هەیە؟ یاخود شۆڕش یاساییە؟ گۆرانکارییەکانی یاسای نێودەولەتی چ کاریگەرییەکی لە سەر شۆڕشگێرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەیە؟

لە راستیدا وڵامی کورتی ئەم پرسیارە، سەرەرای مشتومرە زۆر یاسایی و سیاسی و هزرییەکان بە پێی ئەزموونی لانیکەم سەدەی رابردووی خەباتی گەلان و نەتەوەکانی بندەست ئەوەیە کە((ئەوەی شۆڕشێک دەکاتە یاسایی، سەرکەوتنی شۆڕشەکەیە، چونکە پاش سەرکەوتنەکەیە کە بەگشتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەلایەن دەوڵەتانەوە دانی پیادەنرێت. هەروەها ئێستا دەرفەتی سیاسی و یاسایی نێودەولەتی بە هۆی گۆرانکارییەکان لەبارە بۆ شۆڕشی بەربڵاوی جەماوەری و سەرکەوتنی شۆڕشگێرانی خۆرهەڵاتی کوردستان)). بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە تیشک بخەینە سەر چەند بابەتێکی گرێدراو پەیوەندیدار بە شۆڕش و شۆڕشگێری.

## ١- ڕەوایەتی و شۆڕش :

لە ڕاستیدا شۆڕش گرێدراوی چەمکی "ڕەوایەتییە". بەم مانایە کە شۆڕش، یاخیبوون و کارێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ دەرچوون و تێکدان یاخود گۆڕینی بنەماکانی ڕەوایەتی هەنووکەیی و زاڵە کە لە سەر بنەمای ئەم "ڕەوایەتییە" چەندین یاسا و دامەزراوەی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و مەعریفی دامەزراوە. لێرەوەیە کە شۆڕشگێڕان هەوڵدەدەن کە ئەم ڕەوایەتییە بگۆڕن بۆ ڕەوایەتییەکی نوێ بەپێی ڕوانگە و ویست و ئیرادەی خۆیان، چونکە ڕەوایەتییە هەنووکەییەکە ئایدیا و خودی شۆڕشگێڕانی خستۆتە دەرەوەی ڕەوایەتییەکە(لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە). بۆیە شۆڕش ڕەوایەتییەکی نوێی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. بەم پێیەش کاتێک کە شۆڕشێک سەردەکەوێت، ئەوکاتەیە کە بەپێی ئەو ڕەوایەتییە نوێیە شۆڕشگێڕان دەبنە دەسەڵاتداری یاسایی لە ئاستی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی. باشترین نموونەش ئێرانە کە پێشووتر(١٩٧٩) دەسەڵاتدارەکانی دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوون، بەڵام بە سەرکەوتنی شۆڕش و گۆڕان لە ڕەوایەتی سیاسی و یاسایی سیستمی سیاسی ئەوە شۆڕشگێڕانی دوێنێ بوونە بەردەنگی ناوخۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەموو بوار و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە و دەسەڵاتدارانی پێشووش وەکوو تاونبار کەوتنە بەردەم دادگا و تەناەت ڕاوەدوونان و کوشتن و ...هتد. هەموو ئەوانە بۆ دەوڵەتان و

شۆڕشە سەرکەوتووەکان راستە. بۆنموونە: شۆڕشی ١٧٧٦ لە ئەمریکا، شۆڕشی ١٨٧٩ لە فەرانسە، شۆڕشی ١٩١٠ لە مکزیک، شۆڕشی ١٩١٧ لە رووسیە، شۆڕشی ١٩٤٩ لە چین، شۆڕشی ١٩٥٩ لە کوبا و...هتد.

**٢- بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و بنەمای یەکسانی مافەکان:**

(Principle of equal rights and self- determination of people)

**٢-١- سەروەری و یەکسانی نێوان دەوڵەتان لە یاسا و بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان:**

بە شێوەیەکی گشتی سەروەری دوو رەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە. لە رێککەوتنامەی مۆنتە ڤیدیۆ لە ساڵی ١٩٣٣ لە مادەی ١ی دا، سێ تایبەتمەندی یان بنەمای بۆ دەولەت دەستنیشان کرد: ئا- دانیشتوان ب- وڵات یاخود خاک ج – حکومەت د- سەروەری.

لە برگەی ١ لە مادەی ٢ و هەروەها لە برگەی ۴ لە مادەی ٢ و لە برگەی ٧ لە مادەی ٢ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان دەوڵەتان یەکسانن بێجگە لە کاتێک کە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی دەکەویتەژێر هەرەشە و مەترسیەوە.

هەروەها راگەیەندراوی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی دەربارەی پێوەندی دۆستانە و هاوکاری نێوان دەولەتان لە ساڵی ١٩٧٠ جەخت لەسەر یەکسانی سەروەری دەولەتان دەکاتەوە .

**٢-٢- مـــافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس لە یاســـا و بەڵگەنـــامە نێودەوڵەتییەکان:**

مــافی دیــاریکردنی چــارەنووس ســەرەتا سیاســی بــوو، پاشــان چوارچێوەیەکی یاسایی بۆدانرا. هەروەها سەرەتا ئەم مافە لە بواری ناوخۆیی بەکار دەهێنرا و پاشان رەهەندی دەرەکی وەرگرت .

مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکەم جار لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکوو ماف بۆ هەڵبژاردن و بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت دانی پێدانرا .

پاشان لە راگەیاندراوە ١۴ خاڵییەکەی "ڤێدرۆ ویلسۆن" سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا جەختی لەسەر کرایەوە.

لە میساقی کۆمەڵەی گەلان دا دیسانەوە بەگرنگی دەروانێتە ئەم مافە و لە میسـاقی نەتەوە یەکگرتووەکـانیش دا لەسـەر پێشـنیازی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دا گونجێندرا.

ئەم مــافە لە بــرگەی ٢ مــادەی ١ و لە بــرگەی ٣مــادەی ۵۵ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان دا دەربارەی پرەنسیپی مافی یەکسان و چارەنووســی گەلان ئامــاژەی پێکــراوە. لە مــادەی ٧٣ و ٧۴ ئەم میسـاقە بـۆ وڵاتـانی ژێردەسـتی ئیسـتعمار واتە موسـتەعمەرەکان دا هاتووە و پاشان لە مادەی ٧٧ دا دووبارە باسی لێوە دەکرێت .

بریاری ژمارە ١۵١۴ ناسراوبە(راگەیەندراوی پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتـان و گەلانـی موسـتەعمەرەکان) لەسـاڵی ١٩٦٠ی کـومەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو دەستپێکی پرۆسەی سرینەوەی

ئیستیعمار دەناسریت. پاشان لە ساڵی ١٩٦٢( لیژنەی تایبەتی دژە ئیستیعمار) پێکهات.

لە ١٤ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٦٢ بە بریاری ژمارە ١٨٠٣ خاڵێکی تری گرنگ لە سەربەخۆیی ئاماژەی پێکرا یاخود هاتەئاراوە کە ئەویش( سەروەری هەمێشەیی گەلان لە سەر سەرچاوە سروشتییەکان) کە شێوازێکە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری نەتەوەکان کە وەکوو بەشێکی بنەرەتییە لەم مافە.

هەروەها لە مادەی ١ لە میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها مافە ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی ١٩٦٦ دا هاتووە کە ئا- ئەم مافە مافێکی بەکۆمەڵە ب- دەبێت ئازادانە دەرببردرێت.

لە ساڵی ١٩٧٠ بریاری ژمارە ٢٦٢٥ (راگەیەندراوی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی دەربارەی پێوەندی دۆستانە و هاوکاری لە نێوان دەوڵەتان لەسەر بنەمای میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان

) (Declaration on principles of international law concerning friendly relation and cooperation among states in accordance with the charter of the united nation GA. Resolution 2625 (xxv) ,24 october 1970.)

خاڵێکی گرنگە لە ئاستی نێونەتەوەیی" چونکە یەکێک لە ٧بنەماکەی ئەم راگەیەندراوە" مافی یەکسان و دیاریکردنی چارەنووس " بوو.

**چونکە:**

**ئا-** کە خوازیاری دوورکەوتنەوەی دەوڵەتانە لە بەکارهێنانی ئامراز و میکانیزمی توندوتیژ بۆ ڕێگریکردن لە خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بە پێچەوانەوە ئەوە خەڵک لە خەبات و بەرەنگاربوونەوەکەیان لەدژی ئەم جۆرە دەوڵەتانە دەبنە خاوەن پاڵپشتی نێودەوڵەتی.

**ب-** پیادەکردنی ئەم مافە بەڵێن و ئەرک نییە بەڵکوو دەرفەتە.

بە پێی ئەم ڕاگەیندراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ پاشکۆی پرۆتۆکۆڵی ژنێڤ لە ١٩٤٩ دەربارەی یاساکانی نێونەتەوەیی مرۆڤدۆستانە پێویستە:

**ئا-** نوینەری نەتەوەیەک ئەم داوایە بکات

**ب-** خەڵک جەنگیان دژی١-سولتەی ئیستێعمار ٢-داگیرکاری دەرەکی ٣- ڕژێمی ئاپارتاید، بەرپا کردبێت.

ئەوە بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ تاوەکوو ١٩٧٩ هەفتا٧٠ وڵات سەربەخۆیی بەدەستهێنا و لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تاوەکوو ١٩٩٥ بیست و هەشت ٢٨ وڵاتی دیکە بوو بە خاوەن دەولەت.

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٨ کۆنفرانسی ( جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو میکانیزمێک بۆ ڕێگەگرتن لە شەر و پێکدادانەکان) لەلایەن یۆنیسکۆ ڕێکخرا.

کۆمەڵەی گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیەی نێوان ساڵی ١٩٩٠تاوەکوو ٢٠٠٠ی وەکوو دەیەی ڕیشەکێشکردنی ئیستێعمار

ناوزەد کرد. هەروەها پاشان نێوان ساڵەکانی ٢٠٠١ تاوەکوو ٢٠١٠ وەکوو دەیەی دووەم ناونرا.

### ٣- ڕەهەندە سەرەکییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

١- مــافی خەڵــک لە چوارچێــوەی یەک دەوڵەت لە هەبــوونی ســەربەخۆیی لە کاروبارەکانیــان و دووربــوون لە دەســتێوەردانی دەوڵەتانی تر.

٢- مافی خەڵکی موستەعمەرەیەک بۆ ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی

٣- مــافی خەڵــک بــۆ هەڵبژاردنــی دەوڵەتێــک کە دیانەوێــت و خوازیارن لەچوارچێوەکەیدا بژین و بۆ کەمە نەتەوە، ئەتنیک و...هتد" داواکردنی ئۆتۆنۆمی.

٤- مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای مافی خەڵکی وڵاتێک بۆ هەڵبژاردن یاخود دیاریکردنی سیستمی سیاسی ویستراوی خۆیان.

٥- ئەو ڕەهەندەی کە لە مادەی ٢٥ی میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنــی و سیاســییەکان داهــاتووە کە بەمانــای مــافی بەشــداری هەمیشــەیی و بەردەوام و ئازاد و یەکسانی خەڵکە لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان.

### ٤- یاسای بەرپرسیارییەتی نێودەوڵەتی و شۆڕش:

بە هۆی گۆرانکارییەکان لە ئاستی نێودەولەتی چەندین هەول لە ئارادایە بۆ ئەوەی کە شۆڕشگێرانیش وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی بناسرێن و بەرپرسیارییەتی نێودەوڵەتییان بکەوێتە ئەستۆ کە ئەمەش

دەرهاویشـــتەی ئەرێنـــی و نەرێنـــی هەیە بـــۆ دەوڵەتـــان و خـــودی شۆرشگێرانیش. بە گشتی یاسای بەرپرسیارەتی نێودەوڵەتی لقێکە لە یاسای نیـودەوڵەتی. ئەکتەری نادەوڵەتیش وەکوو کەسیەتی یاسای نیودەوڵەتی لە رێکخراوە نادەولەتییەکان تاوەکوو تاکەکان دەگرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە جـێگەی ئامـاژەیە ئەوەیە کە شۆڕشـگێران چـونکە بەهۆی خەبات بۆ بابەتی تایبەتەوە دروستبوونە ئەوە بە ئەکتەرێکی کـاتی دادەنـدرین کە یـان هەڵدەوشـێنەوە و لەنـاو دەچـن(سـەرکوت کردن، رێککەوتن و...هتد) یان ئەوەی کە سـەردەکەون و دەسـەڵات و سیستمی کۆن دەرۆخێنن و دەبنە دەسەلاتداری نویێ دەوڵەت، بۆیە بە ئەکتەرێکی کـاتی دادەنـدرێن. بەڵام لە پـاش دامەزرانـی دەوڵەتـی نویێ یاخود گرتنەدەستی دەسەڵات ئەوە بەرپرسیاری کردەوەکانیانن .
هەر چەندە دەستنیشانکردن و پێناسەی شۆڕشگێران بـۆ ئەوەی کە بەرپرسـیاریەتی یاسـایی هەبێـت لە رووی یاسـاکانی نێودەوڵەتیشـەوە زۆر مشـتومری لە سـەر بەڵام شۆڕشـگێر بەپێـی پرۆتۆکـۆڵی ئیلحـاقی دووەمـی کۆنڤانسـیۆنەکانی ژێنێـڤ دیـاریکراوە کە پێویســتە چەنــد مەرجێکیـان تێـدا بێـت وەکـوو: بەشـێک لە وڵاتـی لە ژێـر کـۆنترۆڵ دابێت، هێمـایەکی دیاریکراویـان هەبیـت، خـاوەن سـەرکردایەتییەکی رێکخـراو بـن کە توانـای رەچاوکردنی کۆنڤانسیۆنیان هەبێـت. ئەوەی کە زۆر گــرنگە و تەنــانەت بــۆ بە فەرمــی ناســینی دەوڵەتە تــازە دامەزراوەکانیش راستە پرسی" کۆنترۆڵی کـاریگەر و شـوێندانەرە" کە بـۆ بەفەرمـی ناسـینی بزوتنەوەیەکـی شۆڕشـگێری و بەرپرسـیاریەتی مەرجی بنەرەتییە.

لێرەوەیە کە دەوڵەتی پێشووتر بە هۆی دروست نەکردنی بەستێن و هەلومەرجی پێویست بۆ بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەرپرسیارە لەهەمبەر شۆڕشگێرەکان و هەروەها لە ئاسەوار و زیانەکانی جیابوونەوەی شۆڕشگێران. هەرچەندە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان بابەتیکی پڕ مشتومر و ناکۆکییە لە یاسای نێونەتەوەیی و لە نێوان زاناکانی ئەو بوارە و پێوەندی بە بابەتێکی کۆنکریتی هەیە بەناوی " سەروەری" یان "حاکمیت". لە لایەکی تریشەوە جیاوازی هەیە لە نێوان مافی (Libert-Right) لەگەل مافی داواکردنی ئازادی-(Claim-Right)

بە شێوەیەکی گشتی شۆڕشگێرانی سەرنەکەوتوو بەرپرسیارییەتی راستەوخۆی نێودەوڵەتیان نییە بەڵام بە هۆی گۆرانکارییەکان لە دوو حاڵەت ئەگەر پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ و مافی مرۆڤ بەشیوەی بەربڵاو بیتە کایەوە ئەوە١-فەرماندە سیاسی و سەربازییەکان بەرپرسیارن٢- تاکەکان بە هۆی کردەوەکانیان بەرپرسیارن.

بەڵام زۆربەی کات یاسای نێودەوڵەتی هەوڵنادات کە بەرپرسیاریەتی شۆڕشگێران بە فەرمی بناسێت چونکە ئەو کات لەلایەک دەبێت خودی ئەو بزوتنەوە و ڕێکخراوە شۆڕشگێریە و داواکارییەکانی بەفەرمی بناسێت و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بەرپرسیاریەتی هەبیت ئەوە دەبیت مافەکانیشیان بپارێزێت. لێرەوەیە کە کێشە و گرفتی زۆری نێودەوڵەتی دیتە ئاراوە کە ناکۆکە لە گەڵ بنەمای حاکمیت یان سەروەری دەوڵەتان. هەروەها خودی

دەوڵەتانیش هەوڵدەدەن کە کارێک نەکەن بە هۆی پێشکەشکردنی سکاڵا لە ئاستی نێودەولەتی ئەوە شۆڕشگێران بەفەرمی بناسرێن، بۆیە زیاتر بە پێی یاساکانی ناوخۆیی مامەڵەیان لەگەل دەکات. لەم حاڵەتەدا دەولەتان هەولدەدەن دەولەتانی تر تۆمەتبار بکەن بە پاڵپشتی و یارمەتی ئەو شۆرشگێرانە.

**٥- دۆکتۆرینی بەرپرسیارییەتی پاراستن و شۆڕش:**

لەم ساڵانەی دوایی بە تایبەت لە کۆتایی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بنەما یا خود دۆکتۆرینێک هاتە ئاراوە کە بە بەرپرسیاریەتی پاراستنی نێودەولەتی دەناسرێت. رووداوە دڵتەزێن و کارەساتە مرۆییەکانی دەوڵەتە نادیمۆکراسییەکان لە دژی خەڵکی بی تاوان و مافخواز وەکوو: باشوری کوردستان و کۆنگۆ و کۆزۆڤۆ و رواندا و سودان و اۆگاندا و...هتد، روویدا و هەروەها نارەزاتییەکانی دەوڵەتان لە بنەمای دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە وایکرد کە " کوفی عنان" لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی سکرتێری پێشووتری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵێت: ئەگەر دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە لە دژایەتی لە گەڵ سەروەرییە ئەوەی لە رواندا و سێربرێنیتسا کە پێشێلکردنی مەترسیدار و ئاشکرای سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤە و مایەی شەرمەزاریی مرۆڤایەتییە، ئەی چۆنی وڵام بدەینەوە؟!

بەهانا چوونی دەوڵەتی کەنادا بۆ وڵام دانەوەی ئەو داواکارییەی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هۆی ئەوەی کە کەنادا

کۆمیسیۆنێک لە کەسانی نێودەولەتی پسپۆری یاسای نێودەوڵەتی بە ناوی"کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی دەستێوەردان و سەروەری دەولەت" پێکبێنیت کە ئەنجامی کارەکانی هێنانە ئارا و خستنە رووی چەمک و بنەمای"بەرپرسیاریەتی پاراستن" بوو .

لێرەوە ئەوەی کە بۆ ئێمەی شۆڕشگێری کورد لە هەموو پارچەکان و هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتی گرنگ و پر بایەخە ئەوەیە کە چیتر سەروەری دەولەتان ئیمتیازێکی رەهای دەولەتان نیە کە هەری ویستیان لە چوارچێوەی ناوخۆیی بیکەن، بەڵکوو لێرەوە سەروەری دەولەتان دەبێتە " بەرپرسیاریەتی پاراستنی گیان و مافی مرۆڤەکان" کە ئەگەر دەوڵەتان ئەم رۆڵەیان جێبەجی نەکرد و پێشێلیان کرد ئەوە کۆمەڵگەی نیودەولەتی دەبیت ئەم بەرپرسیارییەتیە بگرێتە ئەستۆ و بیانپارێزێت. ئەمە کرۆکی بنەما و دۆکتۆرینی بەرپرسیاریەتی پاراستنی نێودەوڵەتییە کە لە پاش ئەوەی کە هەموو هەوڵەکانی، رێگەگرتن و دیپلۆماسی و ئابووری و پەروەردەیی و دووبارە بونیادنانەوە شکستی هێنا ئەوە رێگە چارەی سەربازی دژی ئەو دەوڵەتە و دەسەلاتدارەکانی دێتە ئاراوە کە ئەرک و بەرپرسیارییەتی هەموو دەوڵەتانە کە ئەو مرۆڤانە بپارێزن.

ئەو گۆرانکاریانە بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی لە کۆبوونەوەی لوتکەی سەرۆکەکانی وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم بنەما و دۆکتۆرینە بە چەند هەموارکردنیک پەسند کرا. لە مادەی ١٣٨ و ١٣٩ی ئەو رێککەوتننامەیەدا باس لەوە کرا کە ئەگەر بە چوار

تاوانی ١- کۆمەلکوژی(جینۆساید)٢ - تاوانی جەنگ ٣- پاکسازی و سرینەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی و نەژادی ٤- تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، روویدا ئەوە پێویستە بە پێی ئەو بنەما و دۆکتۆرینە ئەم بەرپرسیارییەتی بکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتانی جیهان بۆ پاراستنی مرۆڤەکان بە پێی فەسڵی ٦ و ٨ ی مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر نەکرا ئەوە پەنا دەبردرێتە فەسڵی ٧ی مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەکارهێنانی هێزی سەربازییە.

بەم پێیە پاشان لە ساڵی ٢٠٠٦ بە بڕیاری ژمارە ١٧٣٨ و لە ساڵی ٢٠٠٩ دا بە بڕیاری ژمارە ١٨٩٤ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لە سەر ئەوە کرایەوە کە کوشتنی کەسانی مەدەنی لە لایەن دەوڵەتانی خۆیانەوە بە هەر بیانو و پاساوێک بێت ئەوە هەرەشە و مەترسییە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەمە خاڵی وەرچەرخانە بۆ بزوتنەوە رزگاریخواز و شۆرشگێرانی نەتەوەکان کە لە لایەن خەڵکەوە پاڵپشتی دەکرێت و لە لایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیانەوە سەرکوت دەکرێن. جێگەی ئاماژەیە کە دەوڵەت و دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی دەدرێتە داداگای تاوانی نێودەوڵەتی(دیوان کیفری بین الملل) هەرچەندە ئەندامیش نەبێت لەم دادگایە، بۆ نموونە پاش شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی، دەربارەی لیبی کە ئەندامیش نەبوو بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆسیە بۆ دەسەڵاتدارانی لیبی کرایەوە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

پاش ئەوە چەندین بریاری گرنگ لە سەر ئەم بنەمایە دەرکرا بۆ نموونە: بریاری ١٩٧٥ لەساڵی ٢٠١١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی (ساحل عاج) کە تیایدا ڕاگەیێندرا کە هێرش بۆسەر کەسانی مەدەنی تاوانی دژی مرۆڤایەتییە. لە لایەکی تریشەوە لە ٢٦ی فوریە و ١٧ی مارسی ساڵی ٢٠١١ لە سەر بنەمای دۆکتۆرینی بەرپرسیاریەتی پاراستنی نێودەوڵەتی بریار لەدژی لیبی دەرکرا کە دژی خۆپێشاندەر و نارازییەکان هێزی سەربازی و کوشتاری بەکارهێنابوو و لە دەرئەنجامدا بە هێرشی وڵاتە هاوپەیمانەکان حکومەتەکەی قەزافی رووخێندرا. هەرچەندە بۆ لە سووریە ئەوە بەکارنەهێندرا ئەوە پێوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەری ململانێی نێودەوڵەتی(بەتایبەت ئەمریکا و رووسیە) و دەوڵەتانی ناوچەیی و پرسی تیرۆرەوە هەبووە.

**دەرئەنجام:**

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی شۆڕشگێری رزگاریخوازیی کورد بە گشتیی و بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێجگە لەوەی کە خەبات و داواکانی رەوا و مۆدێرن و ئازادیخوازانە و دیمۆکراسیانەیە و لە لایەکی تریشەوە لایەنی بەرامبەری شۆڕشگێرانی خۆرهەڵاتی کوردستان کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بە پێی زۆربەی هەرەزۆری بنەما و یاساکانی نێونەتەوەیی پێشێلکاری زەقی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤە. هەروەها لە لایەکی

دیکەوشــەوە ئەوە جــێگەی دڵخۆشــییە کە لە ئاســتی نێــودەوڵەتیش گۆڕانکــاری گەورە و قــووڵ هــاتۆتە ئــاراوە کە گرنگترینیــان بنەمــا و دۆکتــۆرینی"بەرپرســیارییەتی پاراســتن"ــە کە کــورد لە خــۆرهەڵات دەتوانێــت ســوودی زۆر بــۆ ئەو هەســتانەوە نــوێیە لە خــۆرهەڵات بە کاری سیاسی و یاسایی لە ئاستی نێودەوڵەتی و بە خەباتی بەربڵاوی بێوچــانی جەمــاوەری لە ئاســتی شــار و شــاخ لە نــاوخۆی کوردســتان پاڵپشتی نێودەوڵەتی دەستەبەر بکات و تەنانەت ناوچەی دژەفرینیش بۆ پاراستنی خۆرهەڵاتی کوردستان دروست بکرێت .

هەروەها بە پێی ئەزموونی مێژووی بــزووتنەوەی کــورد بە گشــتی و شۆڕشــگێرانی رۆژهەڵاتــی کوردســتان ئەوە ســەلێمیندراوە کە ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بەپێی یاسای "بەرپرسیارەتی نێودەوڵەتی" پێشێلی هەموو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی کردووە لە دژی کورد و شۆڕشگێرانی خــۆرهەڵاتی کوردســتان و بە پێــی هەر چــوار بنەماکــانی تاوانی نیودەولەتی: ١- کۆمەلکوژی(جینۆساید)٢- تــاوانی جەنــگ ٣- پاکسازی و سڕینەوەی نەتەوەیی و مەزهەبــی و ئــایینی و نەژادی ٤- تاوانەکــانی دژی مرۆڤــایەتی پێویســتە کۆمــاری ئیســلامی تاوانبــار بکرێت.

بەڵام ئەوە پێویســتی بە هەوڵ و خەبــاتێکی بەربــڵاوی سیاســی و یاســایی لە ئاســتی نێــودەولەتی لەلایەن ئەکــادیمی و یاســاناس و پســپۆڕانی کــوردەوە بە هاوکــاری پــارتە شۆڕشــگێرەکانی خــۆرهەڵاتی کوردستان.

ئەوەی زۆر گـرنگە ئەوەیە کە کـورد تەنیـا بەرگـری لە خـۆی کـردووە، بەڵام هـیچ کـات کەسانی مەدەنـی و بـێ تـاوانی نەکـردۆتە ئامانج و تەنیا لە خاکی خۆیدا بووە هێرشی بۆ شار و خـاکی نەتەوە و دەوڵەتـی دیـکە نەبـردووە، بەڵکـوو بە پـێچەوانەوە کۆمـاری ئیسـلامی هەزاران کوشتاری لە شارەکانی کوردستان لە کەسانی مەدەنی و بێ تاوانی کورد کردووە و هێرشی هێناوەتە سەر شـارەکانی کوردسـتان و دەسـەڵاتی لە خەڵکـی وەرگرتـۆتەوە و بـێجگە لە پێشـێلکردنی هەمـوو جـۆرە مافەکـانی سیاسـی و مەدەنـی مـرۆڤ و نەتەوەیـی کـورد ئەوە نەتەوەی کورد لە ئێران بێبەشکراوە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و تەنانەت پێشمەرگە و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانیشـی تیـرۆر کـردووە نەک لە جەنگـدا بەڵکـوو لە حـاڵەتی دانووستاندا....

تیشک

# بزووتنەوەی رزگاریخوازی
# گەلی کوردستانی رۆژهەڵات
# و
# دەرفەتەکانی لە دەستچووی

کاوە بەهرامی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ رزگاری گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی پاشایەتی، وەک حیزبێکی سیاسی سەردەم، دەورێکی کاریگەری لە سەرکەوتنی گەلانی ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بینی. سیاسەت و هەڵوێستی واقێعبینانەی حیزبی دێموکرات، بوو بە هۆی کۆبوونەوەی فراوانی گەلی کورد لە دەوری بەرنامە و چەسپاندنی داخوازییەکانی لە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخووندی، بە شێوەیەکی سەرەنج ڕاکێش ڕێکخستنەکانی تەشەنەی سەند و بوو بە حیزبێکی بەرین و جێگەی شانازی گەلی کورد. نیەتی پاکی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت شۆڕشی گەلانی ئێران و پێشکەشکردنی داخوازییەکانی لە ڕێگەی وتوویێژ و دانووستان، ترس و دڵەراوکێ خستە جەستەی کاربەدەستانی ئەو کاتەی ڕێژیم و لە سەرووی هەموان خۆمەینی، وەک ڕێبەری تازە بەدەسەڵات گەیشتووی شۆڕشی گەلانی ئێران. لە گەڵ ئەوەش لە ڕاستای پەلاماری گەلانی ئێران بۆ سەر دام دەزگا نیزامی و ئیدارییەکانی ڕێژیم و دەسبەسەر داگرتنی بنکە نیزامییەکانی، بۆ رزگاری لە چنگ ڕێژیمی پاشایەتی، لە کوردستانیش گەلی کورد لەو چوار چێوە بەدەر نەبوو. بەڵام ڕێژیمی تازە بەدسەڵات گەیشتوو بە نیگەرانییەوە چاوی لە داخوازیەکانی گەلی کورد کرد. نەتەنیا وڵامی ئەرێنی بۆ داخوازییەکانی نەبوو، بەڵکوو دەیان بیانووی بۆ سازکردنی شەڕ بە دژی گەلی کورد و لە سەرووی هەمووان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی خستەڕوو.

ڕێـژیم لە گەڵ ئەوەی وڵامـی داخوازییەکـانی بەشـێوەی وتـوویژ و ڕاسـپاردن ڕەد کـردەوە، هێـرش و پەلامـاری نیزامـی لە قـاڕنێ و قەڵاتانەوە بگرە شەڕی شارەکانی سنە و مەریوان و دواجار بە ساز کردنی شەڕی پاوە، کە شـەڕی سەرانسـەری کوردستانی لێکەوتەوە. هێماکـانی دژایەتـی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی، دژی مـافە سیاسییەکانی گەلـی کـورد لە کوردسـتانی ژێـر دەسـتی ئێـران، بـوو بەهـۆی ئامـادە نەبـوونی حیزبـی دێمـوکرات بـۆ دەسپێکی شـەڕێکی سەرانسەری لە کوردستان. ڕێـژیم ماوەی نزیـک بە یەک مانگ، لە گەڵ ئەوەی هێزێکی یەکگرتووی نەبوو، بەکەڵک وەرگرتن لە هەستی شۆڕشگێڕی و مەزهەبی لایەنگرانی خۆیان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بانگەوازی دژایەتی گەلی کوردی وەک "دژی شۆڕش" بەرز کردەوە، شارەکانی کوردستانی داگیر کـرد و حیزبی دێمـوکرات لە شـاخ و گۆنـدەکان گیرسـایەوە. لە مـاوەیەکی کورتـدا حیزبـی دێمـوکرات لە بـواری نیـزامییەوە خـۆی ڕێکخسـت، بە شـێوەیەکی پارتیزانی هاتە مەیدان و پلانـی خـۆی بـۆ ڕزگارکردنەوەی شارەکان بەڕێـوە بـرد. بە هـاتنەوەی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکرات لە شاخەوە بۆ شار و دەست بەسـەرداگرتنی بنکە و بارەگاکانی ڕێـژیم، وزەیەکی باشی بە خەڵکی کوردستان بەخشی. ئەو جارەیان یاسای شەڕی نیزامی بەشێوەیەکی پارتیزانی کە کاتی خـۆی گەلـی چین بـۆ ڕزگار کردنـی وڵاتەکەیـان بەڕێوەیان بـرد، کە بەنـاوی فرمـوولی" ١٦ هێرۆگیفی" کەڵکی لێوەرگرت کە دەڵێ: دۆژمـن هێـرش دەکا، ئێمە پاشەکشـە دەکەیـن، دۆژمـن جێگیـر دەبێ، ئێمە زەبـری لـێ دەدەیـن،

دۆژمن زۆر ڕەرەمەند دەبێ، ئێمە هێرش دەکەین، بەردەوام تا تێک چوون بەدووی دۆژمندا دەچین. ئێمە زۆر بە باشی گیرسانەوە لە شاخ و گۆندەکان، پەلامار و زەربەکانی خۆمان دەس پێ کرد و بە شێوەیەک کە پاش سێ مانگ، ماشینی جەنگی ڕێژیم، لە کوردستان بە هۆی پلان زەبری کاریگەری پێشمەرگە تێک شکا، کە بەشەڕی "سێ مانگە" لە نێو گەلی کورد ناوبانگی دەرکرد. هەر بۆیە خومەینی بە مەبەستی خۆ ڕێک خستن و کات کڕین، داوای ئاگر بەستی کرد و حیزی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاگر بەستی بۆ وتوویژ قبووڵ کرد. ئەمە سەرەتای لەدەسچوونی دەرفەتەکانمان بوون کە ئەوە لە حاڵیکدا بوو کاریگەری خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات، ڕێژیمی تووشی شکستێکی گەورە کردبوو. بەشێوەیەک کە شارەکانی کوردستان جارێکی دیکە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، ڕێژیم بۆ خۆدەرباز کردن لەم تێک شکان و سەرشۆڕییە داوای وتوویژی لە ڕێبەرانی کورد کرد. مەرجەکانی ئاگربەستی دانا و هەیئەتی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرد. وتوویژی هەیئەتی ڕێژیم لە گەڵ نوێنەرانی گەلی کورد بۆ داخوازییەکانی دەستی پێکرد، کە هەر وەک ئاماژەمان پێکرد مەبەستی سازماندەهی هێزەکانی خۆی بۆ پەلاماری بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە و دەسبەسەرداگرتنی شارەکان ڕێکخرابوون. هەیئەتی نوێنەرایەتی ڕێژیم داخوازییەکانی گەلی کورد بۆ درێژکردنەوەی کاتی پێویست لە تارانەوە بۆ کوردستان بەناو تاو وتوێ دەرکرد. هەوڵی ئیمە لەو پێوەندیەدا ئەوە بوو کە لە وتوویژ، بۆ مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێران کەڵک وەرگرین، بۆیە

زۆرتــر بەو وتــوویژەوە خۆمــان ســەرقاڵ کــرد و پــرش بــڵاوی داخوازییەکانی و بە سازشکار ناو بردنی حیزبی دێموکرات لە ئاست جێبەجێ کردنی ئەو داخوازییانە پانتایی لە دەسچوونی دەرفەتەکانی فراوانتر کرد. لەپێوەندی لەگەڵ ئامادە بوون بۆ ئەگەری هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنگە و بارەگاکانمان بیرمان نەکردەوە. پێش باســی فرمــوولی ئەو شــەڕەمان بە زەربەلێــدان لە دوژمــن تــا دەسبەسەرداگرتنی شار و گوندەکان باس کرد، بەڵام بۆ یەکلایی کردنەوەی مەبەستی خۆمان ئاگربەسمان هەڵ بژارد، خاڵی لاوازمان لەوەدا بوو لایەنەکانی بە باشی تاوتوێ نەکرابوون. بژاردەی باش نەبوو، لەبەر ئەوە ڕێژیم وەک باسم کرد مەبەستی لەو وتوویژە و ئاگربەستە، تەنیا سازماندانی هێزەکانی خۆی بوو. پاش دوومانگ هێشــتا کێشــە و وتــوویژ لەگەڵ هەیئەتــی نــوێنەرایەتی کــورد و حکوومەت یەک لایی نەبوویەوە. جارێکی دیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەرەستە و هێزێکی سازماندراوەوە و بە تاکتیکێکی نوێ، پەلامــاری هێــزی پێشــمەرگەی دا. حیزبــی دێمــوکرات، لە کــاتی گەمارۆدانی ئابووری شار و گوندەکانی کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ ئەوەی زرەبەی زیاتر لەخەڵکی ئاسایی نەکەوێ و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێو شارەکان، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، بەرە بەرە لەشارەکان پاشە کشەیان کرد و قۆناغی شەڕی جبهەیی بەسەرماندا سەپا کە خۆمان لە بواری کەرەستەی نیزامییەوە بۆ ئامادە نەکردبوو. ڕێژیم باش پەلاماردانی شارەکان، پەلاماری گونــدەکانی دا و ئەوجــار شــاخەکانی داگیــر کــرد. پــاش هەر

داگیرکردنێک مۆڵگەیەکی تێدا جێگیر دەکرد و ئێمە قۆناغی شەڕی پارتیزانی و جبهەییمان هەڵبژارد ئەویش نەفێرکاری ئەو شەڕەمان هەبوو نە ئەزموونی باش و نە کەرستەی ئەو شەڕە. ئێمە جارێکی دیکە کەوتینە قۆناغێکی پارتیزانی بەڵام ستراتیژیمان بۆ ئەو شەڕە لەلایەن هەندێک لە فەرماندەرانی نیزامی بە پێی یاسای شەڕی پارتیزانی بە تەواوەتی لەبەر چاو نەگرت.

کەدەڵێ: ئووسوڵی شەڕ بریتیەلە: ١- ئامانج ٢_ هێرش ٣_ ناوەندێکی دەس پێوەگرتن ٤_ وەوپاش کەوتنی هێز ٥_ مانۆڕدان٦_غافڵگیری ٧_ پاراستن ٨- سادەیی ٩_ یەکیەتی فەرماندەیی. ئەمانە کۆمەڵێک ئەسڵی فەرماندەیین کە هەرکات شەڕی نیزامی دەسپێ بکەی بە پێ یاسا و ئووسوڵەکانی شەڕ هەنگاو هەڵگری. دیارە ناکرێ بڵێی هەموو ئەوانەمان لەبەرچاو نەگرتن. بەڵام کەمتەرخەمی زۆرمان لە بوارە جۆراو جۆرەکان دەکرد. بەتایبەت لە پلانەکانی شەڕدا مەجالی خۆ پی گەیاندنی فەرماندەکان نەبوو. بەداخەوە بە هۆی بەردەوامی شەڕ و کەمتەر خەمی فرماندەرانی نیزامی، شەهیدی فرماندەی بە ئەزموونمان زۆر بوو. گرفتی دیکەی ئێمە هێز و لایەنە سیاسییەکان بوون لە هەر کامەیان بەپێی خواست و بۆچوون و روانگەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد. لە بەرچاو نەگرتنی چۆنیەتی وەزعی پێشمەرگە لەگەڵ هێرش و پەلامارەکانی رێژیم بۆ سەر گۆند و شوێنەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە. لە لایەکی دیکەوە هەموو حیزب و رێکخراوە ئێرانییەکان بەهۆی پەلاماری رێژیمەوە هاتبوونە کوردستان و لە ژێر چەتری

پێشــمەرگە تێکۆشــانیان بەڕێــوە دەبــرد. بەڵام ئامــادە نەبــوون ڕێنوێنییەکانی پێشمەرگە لەبەر چاو بگرن. ئەمەش بۆ خۆی کێشـە و ململانـێ زۆری بەدواوە بـوو. هەروەها خۆسـەپاندنی هەنـدێک لایەن، یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆنی دژوار کـرد. گرفتی کێشـەی دەسـەڵاتداریی بۆ بەریـوە بردنـی کارەکان ئاڵۆزی زیـاتری بەدوای خۆیـدا هێنا. بەو چەشنە گەیشتینە قۆناغی شەڕی ناوخۆ کە یەکێکی دیکە لەو کۆسپە گەورانە کە لە کوردســتان ســەری هەڵــدا. دۆژمــن کە کۆمــاری ئیسلامی بـوو، وەک باشـترین هەل و دەرفەت بـۆ پاشەکشـە کردنـی هێزی پێشمەرگە گەڵکی لێ وەردەگرت. نامەوێ باس لەوە بکەین چ لایەنێــک لەو بــارەوە هۆکــاری هەڵگیرســانی شــەڕ بــوو، بەڵام زەرەرمەنـدی یەکەم گەلـی کـورد بـوو، و لە قـازانج و بەرژەوەنـدی دۆژمـن دابـوو. سـەر قـاڵبوونی ئـێمە بەشـەری نـاوخۆییەوە، دۆژمـن هێـرش و پەلامارەکـانی خـۆی بـۆ سـەر هێـزی پێشـمەرگە خێراتـر و بەرینتـر کـرد و زۆر بەئاسـانی لە هێرشـەکان سـەرکەوتوو دەبـوون. یەکێکی دیکە لەو خاڵانە کە بوونە هـۆی کۆسـپی سـەر ڕێگای ئـێمە، هـاتنە سـەرکاری ڕێـژیم، وەک حکـوومەتێکی ئینقلابـی کە لە ئاسـتی نێونەتەوەیی پێشوازی لێ کرا و ڕەوایی پێ درا، بە هـۆی ئەوە دەنگی مەزڵوومیەت و مافخوازیی گەلی کـورد سـەرکوت و بێـدەنگ دەکرا. لەگەڵ ئەوە کـاریگەری و ناسـراوی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، بەڕێـبەری دوکتـور قاسـملوو، خـاڵێکی بەهێـزی جـووڵانەوەی کـورد بـوو، بەڵام ڕاگەیانـدنی ئەو سـەردەمە وەک ئێسـتا بەهێـز و بەربڵاو نەبوو تا چالاکییەکانی هێـزی پێشمەرگە لە بیـروڕای گشتیی

دەنگ بداتەوە. هێرش، پەلامار، ئێعدامەکانی ڕێژیم بۆ سەر گەلی کورد لە چوار چێوەی ئێراندا، بەرگریکاری ئەوتۆی بۆ کورد پەیدا نەکرد. زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و کەساییەتییانە کە هەنووکە لە زیندان، یان لە دەروەی ئێران دەژین، لەو کاتدا پشتگیریان لە کۆماری ئیسلامی و وەلی فەقێ دەکرد. هەروەها بیری تووندەیی زیاتر لە هەموان، ئێمەی بە پشتیوانانی ئیمپریالیزم دەناساند، کە لەگەڵ ڕێژیم کەوتنە بەرەیەکەوە. کێشەی دیکە، بێدەنگی گەلانی دیکەی ئێران لە هەمبەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا بووە. ئێمە هەڵمان دا باقی گەلانی ئێران هەڵوێست بگرن. بەڵام بە داخەوە بە هۆکاری جیاوازە، بە پیر هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتەوە نەهاتن. ناکرێ باسی شەڕی ئێران و عێراق وەک فاکتەریکی نەرینی"مەنفی" لە پێوەندی لەگەڵ کۆدەنگی خەڵک بۆ پاراستنی خاکی ئێران و مەزلووم نەمایی مەلاکان لەو پێوەندییەدا ئاماژە پێ نەکەین. لەبەر ئەوە سەرەڕای کەڵک وەر گرتن بۆ کۆکردنەوەی هێز بۆ شەڕی ئێران و عێراق کۆ دەکرانەوە بە ناوی دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی عێراق بەرەو کوردستان بەڕێ دەکرد. کارەساتێکی دیکە کە بوو بە هۆی لاوازی شۆڕشی، شەهید بوونی ڕێبەرانی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، وەک زرەبەیەکی دیکە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، کە حاشای لێ ناکرێ، کەم و کوڕی زۆری بەدواوە بوو. دەتوانین بڵێین تا ئەو کاتە هێزەکانمان بنکە و بارەگاکانیان لە شاخەکانی کوردستان و بەتایبەت

لە قەنـدیل بـوو، هێـزی ئـێمە هەمـوو چەشـنە هەڵوێسـتێکی شۆڕشگێرانەی بە نیسبەت کۆماری ئیسلامییەیەوە وەردەگرت و بەردەوام هێزەکانمان ئامادەی شەڕ و بەرگری و بەرپرچدانەوەی پەلاماری دوژمن بوون. هەر بۆیە پێشمەرگە هەم بەرگری لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دەکرد وهەم بەرپەرچی پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەدایەوە. دابەزینمان بۆ هەرێمی کوردستان باشوور، یەکێکی دیکە لەو کۆسپانە بوو کە دەتوانێ کاریگەری لە سەر لاوازی چالاکی ئێمە دانی. ئەم دابەزینە و زەمین گیر بوونمان بوو بە هۆی دانووستان لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەگەر چی چالاکییەکانمان بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان راگرت، بەڵام بەو حاڵەش پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پێشمەرگە و بارەگاکانمان بەردەوام بوو، ئەم دانووستانانە تەنیا لە بواری راوەستانی چالاکی نیزامی کۆتایی پێ نەهات، بەڵکوو چالاکی سیاسی و راگەیاندنی ئێمە بەرەو لاوازی برد. لەگەڵ ئەوەش لە بواری ماڵی و داراییەوە دەستمان لە خەڵکی خۆمان بڕا و یارمەتی بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی، تووشی هەوراز و نشێوی زۆر کرد. هەروەها دوور کەوتنەوەمان لە خەڵکی خۆمان ئاواتی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. پەلاماردانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر هاوڕێیانمان و بنکە و بارەگاکانمان لە باشووری کوردستان زەربەیەکی کاریگەری لێکەوت، کە تووی بێ هیوایی لە ناو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد کە بنکەکانیان لە باشووری کوردساندا بوو چاند.

کۆسـپی دیـکەی ئـێمە سـەرەڕای جێگیـر بوونمـان لە هەرێمـی کوردسـتان چـاوەڕوانی کـادر و پێشـمەرگە، بـۆ تێکۆشـانی نـاوخۆی کوردسـتانی رۆژهەڵات لە لایەک و لە لایەکـی دیـکەوە پاراسـتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە پێوەندی لە گەڵ ئاڵۆزنەکردنی سنوورەکانی نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان تا کـاتی سـەقامگیر بـوونی ئەم هەرێـمە مـاوەیەکی زۆری خایانـد و زەرەر و مانـدوو بـوونی ئـێمەی بەدواوە بـــوو. کە دەکـــرێ بڵێـــین جیابوونەوەکـــانی حیـــزب و رێکخراوەکـانی کوردسـتانی رۆژهەڵات یەکێکـی دیـکە لە کـاریگەری نەرێنی مانەوەی پێشمەرگە لە باشووری کوردستانی بەدواوە بوو. ئەم جیابوونەوانە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکەوتن و بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خاڵی هەرە لاواز بوو. هەموو ئەو خاڵانە کە بـاس کـران لە ئیسـتادا کە خەریکـین خەبـاتی شـاخ و شـار پـێکەوە دەبەستینەوە، دەکرێ دەیان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکریـت و ئەنجامەکـانی بکـرین بە وانەیەکـی بەهێـز بـۆ خەبـاتی هەنـووکە و سیاسەتی نەسڵی ئێستای بزووتنەوەی کورد.

تیشک

# گەڕانەوەی

# پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ:

# وەرچەرخانێکی مێژووی

د.ئیدریس ئەحمەدی

گەڕانەوەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ شاخ لە بەهاری ٢٠١٥دا، وەرچەرخانێکی مێژووییە. ئەو هەنگاوە مێژووییە دەشێ دەسکەوتی نیزامی و سیاسی گرنگی کورتمەودا و دوورمەودای لێ بکەوێتەوە. وێڕای ئەوە، ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە ناوچە سنوورییەکان، هەر لە ئێستاوە بۆتە هۆی تێکدانی دۆزی هەنووکە .

دۆزی هەنووکە – دۆزێک کە پاش تیرۆرکرانی د. شەرفەکەندی و دواتر ڕاگرتنی خەباتی چەکداری هاتە ئاراوە – تاکوو ئێستا بریتی بووە لە سەرکوت کردنی گەلی کورد لە لایەن ئێرانەوە بە بێ ئەوەی کاردانەوە یان بەرهەڵەستکاریی جیدی هێزە کوردییەکانی لێ بکەوێتەوە. لایەنێکی دیکەی دۆزی هەنووکە، لە ڕۆژێف کەوتنی پرسی کوردە لە ڕۆژهەڵات و تەنانەت لەبیرچوونەوەی ئەو پرسە لە ئاست نێودەوڵەتیدا .

لەو شوێنەی زوڵم و داگیردن هەبێ، دواجار بەرهەڵەستکاریش دەبێ. ئەو بەرهەڵەستکارییە زەمینەی خۆی دەوێ، بەڵام زەمینەش لەبار بێ، لە نەبوونی هێزی ڕێکخراو، بەرهەڵەستکاری بە شێوەیەکی کاریگەر شکڵ ناگرێ.

سەرباری تێکدانی دۆزی هەنووکە، گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاخ سەرەتایەکە بۆ یەکریزی نێو بزووتنەوەی کورد و پێکهێنانەوەی هێزی ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵات لە پێناو رزگاری گەلی کورددا .

ئەم وتـارەی بەردەسـت هەوڵێکـی سـەرەتاییە بـۆ لێکـدانەوەی ئەو هەنگاوە مێژووییە بە ترکیزکردن لەسـەر ئاکام و دەسکەوتەکانی، چ لە کورتمەودا و دوورمەودادا .

**لە شۆڕسی ٦٧-٦٨ وە بۆ بەهاری ٢٠١٥**

ڕەنگبێ مێژوویبوونی ئەو هەنگاوەمان لە کاتی ئێستادا بە ڕوونی بـۆ دەرنەکەوێ، بەڵام بە تێپەڕینـی زەمـان، زۆرتـر ڕوون دەبێـتەوە. بە مانـایەک، دەکـرێ لە گەڵ شۆڕشـی ٦٧-٦٨ (٤٦-٤٧) بەراوەردی بکەین .

سـەرەڕای نەبـوونی پشـتیوانی هەرێمـی و نێـودەوڵەتی لە شۆڕشـی ٦٧-٦٨ و لە گەڵ سنووردرابوونی ژماری پێشمەرگەی دێمـوکرات و ئەسـتەمبوونی وەدەسـهێنانی لۆجیسـتیک بـۆ بەڕێـوەبردنی شـەڕی درێژمـاوە لەو سـەردەمەدا، دیسـان بە قۆنـاغێکی گرنـگ لە مێـژووی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی ڕۆژهەڵاتـدا دێـتە ئەژمـار. ڕاسـتە ئەو شۆڕشە نەک تەنیا بێبەری بوو لە پشتیوانی دەرەکی و تەنانەت لە باشـوور دژایەتـی کـرا و هەروهـا سـەرکردە بەرچاوەکـانی حیزبـی دێمـوکرات شـەهید کـران، بەڵام لە نێـوان دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان و خەبـاتی حیزبـی دێمـوکرات لە دوای شۆڕشـی ئێـران تـاکوو ڕاگرتنـی خەبـاتی چەکداری لە نەوەدەکانـدا، جێگـای خـۆی لە مێژووی کورددا کردوەتەوە .

هەرچەنـد تـاکوو ئێسـتا پێکـدادان لە نێـوان پێشـمەرگە و هێـزی نیزامی ئێران ڕووی نەداوە، بەڵام گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شاخ هەر

لە ئێستاوە لە بوارەکانی دەروونی، ڕاگەیاندن و سیاسییەوە شوێندانەر و خاوەن دەسکەوت بووە. ئەگەر حزووری پێشمەرگەی دێموکرات لە شاخ درێژەی هەبێ و ژمارەیان ڕوو لە زیادبوون بکا، ئەم هەنگاوە دەشێ وەک وەرچەرخانێکی مێژووی لە قەڵەم بدرێ .

## شوێندانانی دەرروونی

پاش تیرۆرکرانی د. شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات قەندیلی چۆڵ کرد، بڕیارێک کە دەبێ بە یەکێک لە هەڵە ستراتژیکەکانی مێژووی ئەو حیزبە بێتە ئەژمار. بە لەدەسدانی قەندیل، حیزبی دێموکرات نەک تەنیا قوڵایی ستراتژیکی لەکیس چوو، بەڵکوو بە نیشتەجێ بوون لە باشووری کوردستان، ئەویش لە هەلوومەرجی دژواری سیاسی و ئابووری دەیەی نەوەددا، بنکەکانی کردە ئامانجی هێرشی زەویی کۆماری ئیسلامی و ئەندامانیشی کەوتنە بەر شەپۆلێکی ڕەشەکوژیی بەردەوام کە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناویندا وێنەی نەبووە. بە ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، حیزبی دێموکرات نەک تەنیا قورسایی سیاسی خۆی لەدەسدا، بەڵکوو مەسەلەی کورد بەرە بەرە لە ڕۆژێڤ کەوت و لە ئاست نێودەوڵەتیشدا لەبیر چووەوە .

یەکێکی دیکە لە ئاکامەکانی چۆڵکردنی قەندیل و ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، ئەوە بوو کە کوردی ڕۆژهەڵات بڕوای بە خۆی لەدەست دا. بە پێی زەمان، نەک تەنیا بەکەمگرتن و بێڕێزیکردن بە کوردی ڕۆژهەڵات بوو بە دیاردەی ئاسایی، بەڵکوو بەکەمگرتن و بێڕێزیکردن لە نێوان کوردی ڕۆژهەڵاتدا دەرهەق بەیەکتر بوو بە

باو. هەروها ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات پرستیژ و تا ڕادەیەکیش ئوتـــۆریتەی دەروون حیزبـــی لەدەســـت دا و ئەوەش پەیتـــا پەیتـــا زەمینەی خۆش کرد بۆ سەرلێشێوایی سیاسی لە نێو خەڵکدا .

لەوەتا پێشمەرگە گەڕاوەتەوە شاخ، کوردی ڕۆژهەڵات لە پرۆسەی وەدەســتهێنانەوەی بڕوابەخۆبوونــدایە. لە گەڵ ئەوەشــدا، ئاســەواری نەرێنی چۆڵکردنی قەندیل و ڕاگرتنی خەباتی چەکداری لە بواری دەروونیـیەوە لە سـەر تـاکی کـورد و جەمـاوەری خەڵکـی کوردسـتان هێشتا ماوە. بۆیە دروسترە ئەو مەسەلەیە وەکوو پرۆسـەیەک ببینین. ئاکـــامی کۆتـــایی ئەو پرۆســـەیە بەنـــدە بە دەوری پێشـــمەرگە لە دوورمەودادا، بەڵام نیشانەکانی هەڵوەشانەوەی ئەو ئاسەوارە نەرێنییە لە ئێستاوە بەدی دەکرێ .

لێـرەدایە شـوێهاندنی دەوری پێشـمەرگە لە خەبـاتی ڕزگـاریخوازیی کورددا بە دەوری دڵ لە جێگای خۆی دایە. دڵ، گرنگترین ئۆرگـانی جەسـتەی مـرۆڤە. بە بـێ دڵ، هـیچ ئۆرگـانێکی دیـکە ئـیش ناکـا. پێشـــمەرگەیە خـــوێن دەدا بە گەل و ڕێـــبەر. پـــاش تیرۆرکرانـــی د. شەرفکەندی، دڵە گەورەکەی ڕۆژهەڵات لە لێدان کەوت. تـاکوو ئەو دڵە عەزیـــمە نەکەوێـــتەوە کـــار، هـــیچ ئۆرگـــانێکی ئـــێمە، بە گەل و سەرکردایەتییەوە، خوێنی بۆ ناڕوا .

کۆمـاری ئیسـلامی لە هەمـوو لایەک چـاکتر هێـزی پێشـمەرگەی دێمـــوکرات دەناســـێ . بـــۆیە بە کتێـــب، بە فـــیلم و لە ڕێگـــای "مێژووزانەکـــانی" وەزارەتـــی ئیتلاعـــاتەوە زیـــاتر لە دوو دەیە و بە بەردەوامـــی لە پەیـــکەری پێشـــمەرگەی داوە. لەم دوایـــانەدا، پـــاش

پەیامی نەورۆزی مستەفا هیجری، ڕێبەری حیزبی دێموکرات، ئەو ترسەی زیاتر لە جاران دەردەبڕێ .

### شوێندانانی میدیایی

گەڕانەوەی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ تاکوو ئێستا دەنگدانەوەی زۆری بووە. دەنگدانەوەی گەڕانەوەی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ بیدایەت بە هۆی ئەوەوە بوو کە جمووجۆڵێکی وا چاوەڕواننەکراو بوو. تەنانەت هێندێک لایەنی کوردی حەپەساند. هێرشی پارتی کرێکاران بۆ سەر پێشمەرگەکان و شەهیدکردنی قادر کەریمی و بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی دیکە لە سەرەتای هاوینی ٢٠١٥دا قەیرانێکی خوڵقاند کە سرنجی چوار پارچەی کوردستانی بۆ لای ئەو جمووجۆڵەی حیزبی دێموکرات ڕاکێشاند. ئەو میدیایانەی کە دژ بە حیزبی دێموکرات نەبوون، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شاخ و ئەو ڕووداوە تراژیدییەیان کرد بە هەواڵی یەکەم. هێندێک لایەنی دیکەی کوردی و چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن سەر بەو لایەنانە هەوڵی زۆریان دا ئەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات کەمڕەنگ بکەنەوە و بە چەواشەکردن و بڵاوکردنەوەی فکری پیلانگێڕی ڕای گشتی بە لاڕێدا بەرن و زەربە لە حیزبی دێموکرات بدەن، بەڵام هەوڵەکانیان شکستیان هێنا.

ئەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات پاش نزیک بە ساڵێک، هەر جێگای سرنجی ڕاگەیاندنەکانە. بۆ نموونە، پەیامی ئەوساڵی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ساڵی تازەوە ڕاستەوخۆ لە لایەن کاناڵی

"ڕووداو" بڵاو کرایەوە. شوێن و نێوەڕۆکی پەیامەکە لە چاو ساڵانی ڕابردوو جیاواز بوو و هەربۆیەش بایەخێکی تایبەتی پێ درا .

هەرچەند گەڕانەوەی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ تاکوو ئێستا زۆرتر لە میدیای کوردییدا دەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام سرنجی میدیای بیانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. تەنانەت هەواڵی پێکدادانی نیزامی لە نێوان پێشمەرگە و پاسداری ئێرانی بڵاو بووەتە، بەڵام بە بێ ئەوەی بە فەرمی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە پشتڕاست کرابێتەوە .

**دەسکەوتی نیزامی و سیاسی**

گەڕانەوەی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ هەنگاوێکی دەسپێشخەرانە بوو. هەنگاوی دەستپێشخەرانەش لە سیاسەتدا شوێندانان و دەسکەوتی زۆرترە تاوەکوو هەنگاوی دژەکردەوانە یان کاردانەوەیی. هەڵبەت هەنگاوی دەستپێشخەرانەش ڕووبەڕوویی دژایەتی زۆرتریش دەبێتەوە چوونکە دەتوانێ دۆزی هەنووکە تێک بدا و لەو پرۆسەیەدا بەرژوەندی لایەنی دیکە بخاتە مەترسییەوە.

ئەو هەنگاوە دەسپێشخەرانە هەروها دەوری بەرین و فرەڕەهەندی پێشمەرگە دەخاتە ڕوو. بە واتایەکی دیکە، مەرج نییە پێشمەرگە عەمەلیاتی نیزامی ئەنجام بدا بۆ ئەوەی شوێندانەر بێ یان دەسکەوتی سیاسی هەبێ. بە هۆی درێژەکێشانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد، پێشمەرگە بووەتە رەمز. لەو کاتەوە کۆماری کوردستان دامەزرا، پێشمەرگە بووە بە یەکێک لە ماکە

ئەساسییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. بۆ گەلی کورد، کە بەردەوام بەرەورووی زۆلم و زۆر و لە ژێر مەستریسی کۆمەڵکوژیدا ژیاوە، پێشمەرگە تەنیا پارێزەریەتی. بوونی پێشمەرگە لە شاخ لە بواری دەروونییەوە بۆ تاکی کورد سەرچاوەی سوکنایی، ورەبەرزی و شانازیی نەتەوەییە .

حزووری پێشمەرگە لە شاخ وەدەستهێنانەوەی قووڵای ستراتژیکە بۆ حیزبی دێموکرات. پاش ساڵێک، حزووری پێشمەرگە لە شاخ جێ کەوتووە و ئێستا لەوێ پێشمەرگەی نوێ دەورە دەبینن. حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە شاخەوە هێز ڕەوانەی رۆژهەڵات بکا و دەستی بگا بە گوند و شاری کوردستان. هەروها پێشمەرگە دەتوانێ لە کاتی پێویستدا زەربە بدا لە مۆڵگە ستراتژیکەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێو قووڵای خاکی کوردستاندا و بە مانایەک هێزی نیزامی کۆماری ئیسلامی پەک بخا. بێ گومان، لە کاتی پێویستیشدا، پێشمەرگە دەتوانێ پاشەکشە بکا بۆ شاخ .

بە وەدەستهێنانەوەی قووڵای ستراتژیک، سەنگی سیاسی حیزبی دێموکرات دەچێتەوە سەرێ. لە رۆژهەڵاتی ناویندا هێزی نیزامی بنەمای سەنگ و پرستیژی بۆ لایەنە سیاسییەکان پێک دێنێ، جا چ لە حکوومەتدا بن یان لە ئوپۆزیسیۆن. بۆ نموونە، کۆماری ئیسلامی پێگەی جەماوەری زۆر لاوازە ، بەڵام لە ڕووی نیزامییەوە وڵاتانی ناوچە و زلهێزانیش حسابی بۆ دەکەن و دەیانهەوێ لە گەڵیدا رێک کەون. رێکخراوی تاڵەبان نموونەیەکی دیکەیە کە هەڵگری فکرێکی دواکەوتوانەیە و خەڵکی ئەفغانستان لە گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەڵات

دەترسن، کە چی دواجار ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناچار بوون داوای دانسووستاندنی لەگەڵ بکەن. نموونەیەکی دیکە، کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بوو لە ساڵی ٢٠١٣. لەوێدا دەرکەوت کە ئیمکانی ئابووری و هێز نیزامی سەرچاوەی نفوزن، بۆیە حیزبەکانی ڕۆژهەلات، سەرەڕای ڕابدردووی دوورودرێژی خەبات و پێگەی جەماوەرییان، لە لایەن حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بە هێند نەگیران و بە پێی پێویست، حسابیان بۆ نەکرا. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دێموکراسی مانادار جێ بکەوێ، لە سیاسەتدا پێگەی جەماوەری جێگای هێزی نیزامی دەگرێتەوە .

دێموکراتیزاسۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ڕەنگبێ چەندین دەیەی دیکە بخایێنێ. پرۆسەی دێموکراسی لە ئێران وێ دەچێ لەوەش زۆرتر بخایێنێ، چوونکە میلەتی فارس بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا ئامادەن ئازادی و دێموکراسی فیدای ئەو باڵادەسییە بکەن. گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەتوانێ دەرفەتێکی کاتی بکاتەوە بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکە لە زوڵم ڕزگاریان بێ، بەڵام بۆ ئەوەی مافەکانیان دەستەبەر بێ، دەبێ ئەوەندە بەهێز بن کە نەتەوەی فارس ناچار بە تەنازوولکردن بکرێ یان ئەوەی دەبێ ناسیۆنالیزمی فارسی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا بێ .

سەردەمی باڵادەستی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەی دیکەدا بەسەرچووە و بە پێچەوانەی ڕابردوو، هۆشیاری نەتەوەیی و خەبات لە پێناو ڕزگاریدا تەنیا سنووردار نییە بە کوردستان، بەڵکوو لە بەلووچستان، ئازربایجان و ئەهوازیش لە شکڵگرتن و پەرەئەستاندن

دایە. لە باتی شۆڕشێکی دیکە لە بابەتی ئەوەی ١٩٧٩، ئەگەری هاوپەیمانیی و سەرکەوتنی خەباتی نەتەوە چەوساوەکان زۆرترە. سەرکەوتنی نەتەوە چەوساوەکان نەک تەنیا دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێژیم، بڵکوو پارسەنگی هێزیش لە ئێراندا بۆ هەمیشە دەگۆڕی .

بۆیە، تاکوو گەیشتن بە دێموکراسی و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ئێراندا، هێزی نیزامی سەرچاوەی ئەساسیی گەلی کورد و باقی نەتەوە چەوساوەکان دەبێ. با باکووری کوردستان و کۆماری تورکیا وەک نموونە بێنینەوە. ئەگەر کورد هێزی نیزامی نەبایا، نە دان بە بوونی گەلی کورددا دەنرا و نە حیزبی بەناو یاساسی وەکوو پارتی گەلان (HDP)دەیتوانی دەسکەوتی هەبێ. لە گەڵ ئەوەشدا، تورکیا ئامادە نییە دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێ و "پرۆسەی ئاشتی" بۆ حکومەتی تورکییە بریتییە لە پرۆسەی چەکدانان بە پارتی کرێکاران. هەڵبەت ئێران، تورکییە نییە و تاکوو ئەو جۆرە "دێموکراسییەی" لە تورکییە هەیە لە ئێرانیش نەیەتە کایەوە، گۆڕینی حکومەت لە ئێران تەنیا بە گۆڕینی ڕێژیم مەیسەر دەبێ. گۆڕینی ڕێژیمیش لە ئێران لە هەر شکڵێکدا بێ، دوور لە زەبرووزەنگ نابێ. لە بارودۆخێکی وادا، بە دارِمانی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆشایی ئاسایش دێتە ئاراوە ( هەروەک دوای شۆڕشی ١٩٧٩). لێرەدایە دەوری پێشمەرگە وەکوو دابینکاری ئاسایش لە کوردستاندا و داکۆکیکردن لە هەر مەترسییەک لەسەر گەلی کورد بەرجەستە دەبێتەوە .

ئەوانە دەسکەوتی دوورمەودان. بەڵام دەسکەوتێکی جێگای ئاماژە لە کاتی ئێستادا، پتەوبوونی هاوپەیمانی نێوان کۆمەڵە و حیزبی

دێموکراتە. رەنگبێ لە داهاتوودا حزووری زیاتری پێشمەرگە و قووڵبوونەوەی هاوپەیمانی نێوان ئەو دوو حیزبە ڕێگاش خۆش بکا بۆ یەکگرتنەوەی هەرکام لەو حیزبانە لە گەڵ ئەو فراکسیۆنانەی لێیان جودا بوونەتەوە.

بە بێ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شاخ، حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی نە ئەو دەسکەوتانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ درا بەدەس بێنێ و نە خۆی بۆ ئامادە دەکرا بۆ هەنگاوی دیکەی دەسپێشخەرانە. هەنگاوی دەسپێشخەرانەی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ڕابردوودا دوو بایەخی دیکەی هەیە کە لە جێی خۆیدایە ئاماژەیان پێ بدرێ. یەکەمیان شکستهێنانە بە سیاسەتی گەمارۆدانی حیزبی دێموکرات و ئەوەی دیکەیان بەرجەستەکردنەوەی دەوری پێشمەرگەیە وەکوو هێزی دژە- هێژمۆنی لە بەستێنی سیاسی ئێستا ئێراندا.

**شکستهێنانی سیاسەتی گەمارۆدانی دێموکرات**

کۆماری ئیسلامی ستراتژیەکی بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە گرتووەتە بەر کە پێک هاتووە لە چەند ماکێک. لەنێوبردنی ڕێبەرەنای کورد لە ڕۆژهەڵات، ئامانجی یەکەمی ئەو ستراتژییەی ئێران بووە. ئامانجی دووهەمی، ناچارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بووە بە ڕاگرتنی خەباتی چەکداری. دوائامانجی کۆماری ئیسلامی، گەمارۆدانی حیزبە کوردییەکانە لە باشوور لە شێوەی کەمپنیشینی بۆ ئەوەی دواجار لە ژێر فشاری دەروونی ژیانی کەمپنشینیدا، دووبەرەکی بکەوێتە نێوانیان و لەبەریەک هەڵوەشنەوە .

کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی یەکەم و دووهەم گەیشتووە، بەڵام بە دوائامـانجی نەگەیشـتەوە. سـەرباری دابـڕان و دانیشـتنی پەیتـا پەیتـای کـادر و پێشـمەرگەی حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات و لاوازبوونیـان لەو پرۆسەیەدا، وەکوو ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی، هێشتا کاران یان لانی کەم مایەیی ئەوەیان تێدا ماوە.

هەنگاوی دەسپێشخەرانەی حیزبی دێموکرات لە بەهاری ٢٠١٥دا، شکستی بە سیاسەتی گەمارۆدانی هێنا. ڕاستە سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات و بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ئیستاشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان نیشتەجێن، بەڵام حیزبی دێمـوکرات قووڵای سـتراتژیکی وەدەسـت هێنـاوەتەوە و گەرچـی گومـانی تێـدا نیـیە کە کۆمـاری ئیسـلامی بەردەوام دەبـێ لەسـەر وەدەسـتهێنانی ئامـانجە سـتراتژیکەکانی دژ بە بـزووتنەوەی کـورد، بەڵام لەمەوبەدوا تووشـی بەربەستی جیدی دەبێتەوە.

## پێشمەرگە وەک هێزی دژە-هێژمۆنی

کۆمـاری ئیسـلامی هەوڵـی وەدەسـهێنانی هێژمـۆنی دەدا. هێژمـۆنی شێوەیکە لە حکومڕانی کە ئامانجی وەدسهێنانی ڕەزامەنـدی ئەوانەیە کە حکومەتیان بەسەردا دەکرێ. هەموو ڕێژیم و حکومەتێک هەوڵـی وەدەسهێنانی هێژمۆنی دەدا، چوونکە لە درێژخایاندا ناکرێ لە ڕێگای بەکارهێنـــانی زۆرەوە حکـــومڕانی بکـــرێ. ڕێژیمێـــک کە بەردەوام زەبرووزەنگ بەکار بەرێ، دواجار گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ. بۆ ئەوەی زۆر بە بەردەوامی بەکار نەبرێ، دەسـەڵاتداران دەبـێ کار بـکەن بۆ

ئەوەی جیهانبینی یان ئایدیۆلۆژی خۆیان لە نێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و جێی بخەن .

حکومڕانیەک لە سەر بنەمای زۆرکردن راوەستابێ، ئامانجی تۆقاندن و کۆنترۆڵکردنی فیزیکی خەڵکە؛ حکومڕانی لەسەر بنەمای هێژمۆنی، ئامانجی وەدەسهێانی رەزامەندییە لە رێگای نفوزکردنە نێو فکری خەڵکوە. هەموو حکوومەتێک تێکەڵاوێک لەو دوو شێوە دەسەڵاتە بەکار دەبا. هەڵبەت لە وڵاتانی دێموکراتیکدا، هێژمۆنی مەیسەر بووە لە کاتێکدا رێژیمە دیکتاتۆرەکان دەبێ بە بەردەوامی زۆر لە خەڵک بکەن بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا .

لە ئێرانی ئەوڕۆدا، پرۆژەی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی دوو بنەمای فکری هەیە؛ ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە لایەک و تایفەگەریی شیعە لە قاڵبی وەلایەتی فەقیهیدا لە لایەکی دیکە. ماکە ناسیۆنالیستییەکەی هێژمۆنیخوازی کۆماری ئیسلامی تازە نییە و لە بنەڕەدا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی فارسییە کە بە شاردنەوە و هاوکات سەپاندنی ناسنامەی قەومی فارس بە سەر غەیرەفارسەکاندا لە شکڵی ئەفسانەی "میلەتی ئێران"، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاکوو ئیستا هەوڵی بۆ دراوە .

کۆماری ئیسلامی بە تۆقاندن و فریوکاری جۆراوجۆر، بەڵام بە تایبەت لە رێگای شانۆگەرییەکی دامەزراوەیی بە ناو هەڵبژاردن، ئیشی بۆ ئەوە کردووە دانیشتوانی ئێران و ئۆپۆزیسیۆن، بە بزووتنەوەی کوردیشەوە، تەسلیمی سیاسیی بن و بەو شێوەیە بە ئاواتی هێژمۆنیکی خۆی بگا. بە پێی زەمان، شانۆی هەڵبژاردن

گرنگییەکی حەیاتی بۆ کۆماری ئیسلامی بەخۆوە گرتووە. بۆیە خامنەی و باقی سەرانی ڕێژیم، ئەوەندە بەپرۆشن خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. بشداریکردنی خەڵک تەنیا بۆ ئەوە نییە ڕێژیم بە دونیای دەرەوە ڕابگەیەنێ پێگە و شەرعییەتی جەماوەریی هەیە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ جێخستنی دایەمی ڕێژیم بۆ ئەوەی پێویست نەکا کەڵک لە زۆر و زەبرووزەنگ وەرگرێ بۆ مانەوەی خۆی لەسەر دەسەڵات .

هەڵبەت ئایدیۆلۆژی ڕێژیم و ئەو ناکۆکییانەی لە دەروونی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا وجوودیان هەیە، ناچاری دەکا بۆ مانەوەی خۆی، بەردەوام کەڵک لە زۆر و زەبرووزەنگ وەرگرێ. کۆماری ئیسلامی لە سرووشتی خۆیدا تایفەگەرا و ستەمکارە. سەرەڕای کۆمەڵێک دامەزراوە، لە بنەڕەتدا دەسەڵات لە دەست وەلی فەقیهدایە؛ سەرکۆمار، مەجلیس و دامەزراوەکانی دیکە کەرستەن لە دەستی ئەودا. کەڵک وەرگرتن لە هەڵبژاردن وەک دامەزراوە وای کردووە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ هێندێک لە سەرانی ڕێژیم، بەشێک لە خەڵک و دونیای دەرەوەش، ئەم ڕاستیانە لەبیر بچنەوە یان کاتەن بشاردرێنەوە. بە واتایەکی دیکە، بوونی ئەو دامەزراوانە، ململانێی دەسەڵات لە نێوان باڵەکانی ڕێژیم و ئەنجامدانی هەڵبژاردن وای کردووە کە هەم هێندێک لە سەرانی ڕێژیم، بەشێک لە خەڵک و تەنانەت هێندێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیش، رووکەش و واقعییەت تێکەڵ بکەن. بۆ نموونە، کەرووبی و موسەوی پاش هەڵژاردنی ٢٠٠٩ دەسیان دایە نارەزایەتی دەربڕین و گوتیان "ساختەکاری"

کراوە. لە لایەکی دیکەوە، دەنگدەران دروشمیان دەدا "کوا دەنگی من؟" بەڵام وەکوو ئەوە وایە بە دزێک بڵێی، "دزیت لێ کردووم!" یان بڵێی، "کوا پارەکەم؟" کۆماری ئیسلامی خۆی لەسەر بنەمایەکی ساختەکارانە دامەزراوە و لەو ڕێژیمەدا نە دەسەڵات دەساودەس دەکرێ و نە دەنگ دەدرێ، بەڵکوو مۆرەکانی نێو دەسەڵات جێگۆڕ دەکرێن و هاوڵاتییان لە شانۆگەرییدا یاریان پێ دەکرێ (بەشێکیان بە بێ ئەوەی دەرکی ئەم راستییە بکەن.(

تاکوو سەرەتا و نێوەراستی نەوەدەکان، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی لە واقیەتی سیاسی لە ئێران گەیشتبوون، بۆیە شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامیان ئیهمال و بایکۆت دەکرد. بەرە بەرە ئەوانیش لە کردەوەدا تەسلیمی سیاسی کۆماری ئیسلامی بوون. یەکێک لە پیلانە مەترسیدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە بریتییە لە هەوڵ دان بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بزووتنەوەی کورد بکا بە هەڵگر و بەرهەمهێنەرەوەی فکری "ڕیفۆرمیستی"، ئەویش بە مەبەستی تواندنەوەیان لە دەروونی خۆیدا .

حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە تێگەیشتنێکی دروستیان لە سرووشتی ڕێژیم هەیە و بەردەوام هەڵبژاردنیان بایکۆت کردووە. هاتنەوەی پێشمەرگە بۆ مەیدانی خەبات لەو بارەوە یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵە هێژمۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی .

راستییەکەی، هۆی تسلیم بوونی پەیتا پەیتای بەشێکی زۆری ئۆپۆسیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی گۆڕدرابێ یان ئەوەی تەجرووبە نیشانی دابێ کە ئەو

ڕێژیمە قابیلی "ڕیفۆرم" بێ، بەڵکوو لە نەبوونی هێزی ڕێکخراوی نیزامی، فکر و گوتاری سیاسی ئوپۆزیسیۆنی ئازادیخواز و دێموکراسیخواز بوردی نەماوە. لە نەبوونی ئالتێرناتیڤ، هێندێک کەس و لایەن کۆڵیان داوە. لە جیێی خۆیەتی ئامژە بەوە بدرێ کە هێژمۆنی شێوەیەکە لە دەسەڵاتی نەرم، بەڵام دەسەڵاتی نەرم درێژکراوەی دەسەڵاتی مادیی و نیزامییە. بۆیە، بە بوونی هێزی پێشمەرگە، بزووتنەوەی کورد لەمەوبەدوا هەم دەتوانێ بەرپەرچی پرۆژەی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی بداتەوە و هەمیش پرۆژەی هێژمۆنی خۆی بەرێتە پێش.

# رۆڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
# لە پێناو خەباتی نەتەوەیی دا

حەسەن ساڵح زادە

پێوەنـدی نێـوان هێـزە کۆمەڵایەتییەکـان و ژیـانی سیاسـی گەلان، پێوەندییەکی هەمەلایەنە و گرێدراوە، ئەم پێوەندییە چەمک گەلێکی وەک دەسەڵات، پێگە، رۆڵ و شوێندانەری بە هەمـوو جۆرەکانییەوە لەخـۆدەگرێ. بە گشـتی، لە زۆر بـواردا دەسـەڵاتی سیاسـی بە دوو بەشـی کـۆمەڵایەتیی و حکـوومەتی دابەش دەکـرێ. دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە توانایی کەسان یا دەستەیەک لە خەڵک بۆ بەرگـری لە مافەکـانی خۆیـان یـا هەوڵـدان بـۆ گـۆڕینی ئەندیشـە و کردەوەی لایەنی بەرانبەریان. لە بەرانبەردا دەسەڵاتی سیاسی دەستی ئـاوالاترە و لە رێـگەی زۆر و ئیجبـارەوە بەرگـری لە بەرژەوەنـدی و ستراتژی سیستمەکەی دەکا. تەنیا دەسەڵاتی سیاسییە کە توانـای بڕینەوەی سزای بۆ تـاک یـا تاقم و دەستەکانی کۆمەڵگا هەیە و لە رێگەی ئـامرازی ئـابووری، ئیـداری و ئەمنیەتییـەوە دەتـوانێ شـیاوەتی خـۆی بە سـەر هەمـوانـدا بسـەپێنێ. ئەگەرچـی لە زۆربەی سیسـتمە سـەرەڕۆکاندا شـیاوەتی دەسـەڵات تەنیـا لە سـەر بنەمـای هەڕەسـە و تـرس دامەزراوە و پێوەنـدی نێـوان گەل و یاسـا حکوومەتییەکـان سـیمایەکی رواڵەتـی و لەرزۆکە. بەڵام هەر ئەم تـۆزە پێوەنـدییە دەتـوانێ ببێـتە هەوێـن و کەرەسـەی دەسـتی دەزگـای سـەرکوتکەر و هەمـوان لە نـاو سـاختارێکی تاریکـدا خرکـاتەوە. قەوارە و پێـوانەی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکـان پێوەنـدی راسـتەوخۆیان بە ئیـدئۆلۆژی نیزامـی سیاسـیەوە هەیە و هەر بەم پێـیەش بەرزی و نزمـی بە خۆیـانەوە دەبیـنن. بزووتنەوەکـان لە بەرانـبەر گوشـار و زەختەکـانی

دەســـەڵاتدا جاروبـــار یەکگرتـــوو دەبـــن و جـــاری واش هەیە خوێندنەوەیان لە سەر راستی گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازە و بە هیچ جۆر یەک ناگرنەوە. بە پێی تێپەڕینی زەمان و نەگۆڕبوونی کرداری سیاسی دەسەڵاتەکان، هێزە کۆمەڵایەتیەکانیش بیر لە ڕێگا چارەی جۆراوجۆر دەکەنەوە. روانگە هاوتەریب یا خۆنزیک کردنەوە لە دەسەڵات یەکێک لە مێتۆدەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە. لایەنگرانی ئەم مێتۆدە لە هەمان کاتدا کە باوەڕیان بە شیاوەتی دەسەڵات نیە و پێداگری لەوە دەکەن کە لە کۆمەڵگادا نابەرابەری و چەوسانەوە هەیە، لە هیچ حاڵەتێکدا ئامادە نین کە سەرکۆنەی دەسەڵات بکەن یا بە جۆرێک رووبەرووی ببنەوە. لایەنگرانی ئەم رەوتە تاقم و دەستەگەلێک دەگرێتەوە کە هەوڵ دەدەن خۆیان بخزێننەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی. سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک کەم و کووڕی، نابێ نەخشی کورتی ئەو تاقم و لایەنانە لە بارچاو نەگرین کە دەزە دەکەنە ناو دەسەڵات، بە تایبەت ئەوەی کە هەمیشە سەبارەت بە وەها لایەن گەلێک گۆمان و شک لە ئارا دایە. زۆر جاران هێزە دەزەییەکان بە توخمی گەندەڵی دێنە ئەژمارو لە ناو کۆمەڵگادا پێگەی لاوازیان هەیە.

لە تەنیشت بزووتنەوە هاوتەریبەکان، کۆمەڵێک ڕێکخراوی تر بەرچاو دەکەون کە بە شێوەی ئەستوونی بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی دەروانن. ئەم دەستەیە زۆرتر وەک قەوارەی حیزبێکی سیاسی دەردەکەون و جار و باریش وەک تاک، سەندیکا و ڕێکخراوی سیڤیل دێنە مەیدان. بەم پێیە هێزە کۆمەڵایەتییەکان

خاوەن پلە و پایە و جۆراوجۆرن و ئەگەر حەوزەی چالاکییەکانیان لێک جیابکەنەوە رادەی کارتێکەرییان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان زیاترە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی خۆڕسک و سروشتی سەرهەڵنادەن، بەڵکوو هۆکارەکەیان بۆ هاتنەئارای بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە. هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی چەندین کەلێنی تایبەت بە خۆیەتی. بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی دابەشبوونی روانگەی دەزگای حاکم، جۆری کار و پیشە، رەگەز، پێوانە و خولیا، کولتوورو نەریت، مێژوو، ژێوگرافی و ژینگە جیاوازن و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە یا لە سەردەمێکەوە بۆ یەکی دیکە دەگۆڕدرێن. هەر یەک لە درزە کۆمەڵایەتییەکان دەتوان بە پێی رۆژ چالاک یا ناچالاک بن، هەر بۆیە لە سەر لێکدانەوە و خوێندنەوەی پرسە گرینگەکانی رۆژ، پێویستە راستییەکان لە بەرچاو بگیردرێن و بە پێی هەلومەرجی شوێن و سات بدوێین. ئەوەی کە دەوترێ کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕدرێن و فەرقیان هەیە، بەو مانایەیە کە هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی ناتوانێ خوێندنەوەیکی هاوچەشن بەرانبەر بە بۆشاییەکی کۆمەڵایەتیی هەڵکەوتوو لە دوو شوێن یا دوو سەردەمی جیاوازدا بە کاربهێنێ و سەرکەوتوو بێ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ژمارەیەک چین و توێژ پێکهاتوون کە شوێنەواری بەرچاویان لە سەر ژیانی گەل هەیە، توانای ئەوەیان هەیە کە راستەوخۆ دەسەڵات بە دەستەوە بگرن یا بە جۆرێک بخزێنە ناو ریزەکانی دەسەڵات.

بــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکــان دەتــوانن هەڵقــوڵاوی بەســتێنەکانی ئـابووری، سیاسـی، کولتـووری، پیشـەیی و هتـد بـن. ئەوان رەخـنە لە شێوەی دەسەڵاتداری و جۆری دابەشبوونی بەرژەوەندییەکان دەگرن، هەر بۆیە بە ئەسپایی لە کاروباری سیاسییەوە دەگلێن و رەنگە دواتـر بـبن بە بەشـێک لە لایەنە بڕیاردەرەکـانی نـاو دەسـەڵاتی سیاسـی. بــــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکــــان بە پــــلە و دەرەجەی جیــــاوازەوە شــوێندانەری خۆیــان بە ســەر ژیــانی سیاســی خەڵــک دا هەیە. جیاوازیەکـانیش پێوەنـدیان بە تاقکمێـک پـارامێتری وەک دوور و نێزیکـی، نـاوەکی و دەرەکـی، نـاوبژیکەری و لە هەمـوان گرینگتـر هەڵســوکەوتی ســالم و ناســالم هەیە. لە راســتیدا، ویســت و داوای کۆمەڵگا بە شێوەکی بەربڵاو لە رێگای رێکخراو، دامەزراوە و پێکهاتە پیشەییەکانەوە دێتە بەرباس. بۆ وێنە داخوازی کرێکاران لە رێـگەی بزووتنەوە کرێکارییەکان و داخـوازی مامۆستایان لە رێـگەی پێکهاتە پیشەییەکانی مامۆستایانەوە رادەگەیەندرێ. بە پێی پێوەرەکانی مـافی مـرۆڤ هەر کەس مـافی ژیـان، بەهرەمەنـدی لە ئاسایشـی گشـتی و هەروەها مافی شارۆمەندی هەیە. ئازادی دروستبوونی ئەنجـوومەن و کۆبوونەوەکـان، رێکخســتنی خۆپێشــاندان و مــانگرتن بە مەبەســتی زەخت خستنەسەر حکوومەت بۆ راگەیشتن بە سکاڵا و رەخنەگرتن، یان بە مەبەستی دژایەتی لە گەڵ کردەوەکانی حکوومەت، یەکێـک لە ماف و ئازادیە مەدەنییەکانی هەر وڵاتـێکە کە دەبێ رێگەیـان پـێ بـدرێ. چالاکی رێکخـراوە مەدەنییەکـان و یەکێتـی پیشـەیی چـین و تــوێژە چەشناوچەشــنەکان، بە مەرجێــک کە لە ســەر بنەمــای

ئاشتیخوازی و قانوونمەندی جێگیر کرابن، زامنی ئاشتی کۆمەڵگان و پێکەوە ژیانی سالمیان لێ دەکەوێتەوە.

هەر لە درێژەی ئەم بابەتەدا، دەکرێ بڵێین کە ئازادی رادەربڕین یەکێک لە گرینگترین مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا دیموکراتیکەکانە. هەر بۆیە لە دێموکراسیدا فەرهەنگ، هونەر و ئەدەب دەکەونە گۆڕەپانی ئازادی بەیان و لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەت دان. ئازادی بەیان بنەمای گۆرانکاری هزرییە و ئەساسی شێوازی ژیانی دێموکراتیک پێکدێنێ.

چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کە بە مەبەستی سەقامگیرکردنی گۆران لە روانگەی دەسەڵات دێنە ئاراوە و بەرگری لە فەوتانی شوناس و تایبەتمەندی نەتەوە چەوساوەو بندەستەکان دەکەن، پێشاندەری ویستی ئەو کۆمەڵگایەن و بەها کولتووری و نەتەوایەتییەکان دەگەشێنەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەو جۆرە چالاکییانە گشتگیرن و تایبەت بە چینێک یا توێژێکی تایبەت نین. کەوابوو کە دەبێ دەسەڵات ناچار بکرێ کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان لانی کەم لە ئاستی کاری پێشەییدا، بە مافی قانوونی و بێ ئەم لاوئەلای ئەوان بزانێ و کۆسپیان بۆ دانەنێ. بە پێچەوانەی دەزگای ئیداری و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ولاتە خاوەن دەسەڵاتە خەلکییەکان، پێکهاتنی رێکخراوەو تەناتەت رخنەش بە دەرفەتێکی گەشەی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنن و پشتیوانی لێدەکەن. بە رای ئەوان رەخساندنی هەلومەرجی بەرین و لەبار بۆ کاری رێکخراوەیی

و مەدەنــی، گەلێــک بەربــڵاو و قــوڵترە لە روانــگەی بەرتەســک و ئیدئۆلۆژیکی کۆنەپەرەستانە.

لە سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دا ئەگەرچـی ئەو مافـانەی ناومـان بـردن هەنـدێکیان بە رواڵەت رەسـمییەتیان پێـدراوە، بەڵام ئەزمــوون و رابــردووی چەنــد ســاڵەی حکــومەت نیشــانی داوە کە داواکـــاریی رەوای گەلان نە بە شـــکلی رێکخـــراو و نە لە رێـــگەی دامەزراوە پێشـەییەکانەوە لە نـاو ئەو سیسـتەمەدا جێگایـان نابێتەوە. هەروەک دیومـانە مـافی گەلانـی ئێـران بە گشـتیی و مـافی گەشـەی نەتەوایەتـی و کولتـووری بە راشـکاوی و تونـدترین شـێوەی مـومکین پێشـێل کـراون و ئێسـتاش هـیچ بـایەخی شـیاویان نـادرێتێ. روانـگەی دەسەڵات بۆ سەر پێکهاتە پێشەییەکان روانگەیەکی تەواو ئەمنیەتیەو ئەمەش بۆتە هـۆی ئەوەی کە ناوەنـدەکان ئەمنـیەت و ئیتلاعـات بە بەردەوامــی رەوت و کــاری رێکخــراوە پێشــەییەکان بەگــرنە ژێــر چـاودێری و سـزای قـورس بە سـەر ئەنـدامە چالاکەکانـدا بسـەپێنن. دیـارە بزاڤـی کـۆمەڵایەتیی گەلانـی چەوسـاوەی ئێـران و یەک لەوان گەلــی کــورد، رەنــگە لە پێنــاو دەســتەبەربوونی مافەکــانی لە قۆنــاخ گەلێکــدا تووشــی ئاســتەنگی گەورە هــاتبێ، بەڵام وەک دەبینــین لە هەمبەر داواکارییەکانی ئەگەرچـی پاشەکشـەی نەکـردووە، بەڵکـوو بە پێی هەلومەرجی ناوچە و گۆڕانی روانـگەی نێونەتەوەیی، پێشکەوتنی بەرچاویشـــی بە خـــۆیەوە بینیـــوە. بە واتـــایەکی دیـــکە، زەخـــت و گوشـارەکانی دەسـەڵات بـۆ سـەر دامەزراوە مافخوازەکـان، بـێجگە لەوەی کە لە داوەکانیـان پاشـگەزیان ناکـاتەوە، بەڵکـوو بە نیشـاندانی

دژکـردەوە، لە جـاران جسـوورتر، بەرەو پێشـەوە هەنگـاو دەنـێن. حکـومەتی ئیـدئۆلۆژیکی کومـاری ئیسـلامی کە لە پـاش شۆرشـی سەراسەری گەلانی ئێران هاتە سەرکار، یاسای بنەڕەتی خۆی لە ژێر نـاوی "یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە" لە سـەر بنەمـای بـایەخە ئیسـلامییەکان داڕشـت و بڕیـاری دروسـتکردنی کۆمەڵگـایەکی یەکپارچەی دەستپێکرد. لەم روانگەیەوە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران، بە بێ جیاوازی رەگەز، مێژوو، ژینگە، ئایین و کلتوور لە ژێر هێمای "ئـومەتی ئیسـلامی" کۆدەبـوونەوە. هەر زۆر زوو دەرکەوت کە بزووتنەوە و رێکخراوە مافخوازەکان ناتوانن لە تەنیشت دەمارگرژانی نیزامـدا هەست بە ئارامی بکەن و جێگەیـان نابێتەوە. ئەگەرچـی لە ماوەی ئەم سالانەدا جیهان گەلێک ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە بینـی، بەڵام بە داخەوە لە وڵاتی ئێمە هیچ کات بەستێنی پێویست بـۆ بانگەشـەی داوای رەوای سەندیکا پیشەیی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەهاتە ئـاراوە. ئەم بـارودۆخە نالەبـارە لە گەڵ ئەوەی کە بەهـای مرۆیـی و ماڵی زۆری تێچوو بەڵام نەیتوانی کە شکۆی خەبـاتی کۆمەڵایەتیی و لە کوردستان لاواز بکا. هەر وەک دەبینین، هەوڵدان بـۆ چارەسـەری کێشەی گەلی کورد لە کوردستان و داخوازییەکانی، هەتا دێ زیـاتر دەکەوێـتە رۆژەڤـی سیاسـی ئەو ولاتـانەی کە پێوەنـدییان بە پرسـی کوردەوە هەیە. کورد لە باشوری کوردستان خـاوەن حکومەتە. کـورد لە سـوریە راپەریـوە و لە هەوڵـدایە سـتاتۆی نەتەوەیـی خـۆی بەرێـتە سـەر و پـێگەیەک بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی لە داهـاتوودا دابـین بکـا.

خەبات لە باکووری کوردستان لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی بەرین لە ئارادایە .

کێشەی نەتەوایەتی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئێران کێشەیەکی لە مێژینەیە کە هەروا بێ چارەسەر ماوەتەوە. بێ چارەسەر ماونەوەی ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو روانگە بەرتەسکە تەک نەتەوەیی و هەژمونگەرایانە کە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو نیسبەت بە کورد لە کوردستان دا بەرێوە چووە. ئەم دەسەڵاتە بەردەوام کوردی بە غەیرە خۆیی داناوە و رێگای بەرێوەبەری ئیدارەی کوردستان و بەشداری لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵات دا پێ نەداوە. هەر لە سەر بنەمای ئەم روانگە سیاسی و نەتەوەییە، ئیمکاناتی پێویست و زەرووری بۆ پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستان دا تەرخان نەکردوە .

ئەم دۆزە سیاسی، رەوانی و کۆمەڵایەتییە کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە ئەرک و بەرپرسایەتی جیددی لە سەر شانی هەر تاکێکی کورد لەم بەشەدا دادەنێ. کورد لە بەرانبەر داخوازی نەتەوەیی خۆیدا بە نارەوا تووشی زیندان دەبێ، ئازار دەدرێ و ئیعدام دەکرێ. کورد بۆ کۆتایی هێنان بەم ئازار و ستەمە و گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، بە پێی ئیمکان پێویستی بە پەرەپێدانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەم بزووتنەوە گەلە پێویستە گشت بوارەکانی مافی مەدەنی، پیشەیی و ئابووری دانیشتوانی کوردستان لە خۆبگرن. کورد نابێ چیتر بە روخساری بەزەیی و

قوربانییەوە چاوەروانی خێر و سەدەقەی دەسەڵاتی ناوەندی بێ. داخوازییەکانی کورد بە ئیرادەی یەکگرتووی خەڵک لە کوردستان دابین دەکرێن. هەر جووڵانەوەیەک بە پێی هەلومەرج ئیمکانی دەستکەوتی هەیە و ئەرکێکی گرینگی نەتەوەیی و مێژویی بۆ هەموو لایەکە. دیارە ستراتژی و روانگەی دەسەڵاتی سیاسی ئێران لە هەمبەر چالاکانی سینفی دا هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهاتووە، بەلام بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی ئێران و جیهان، دەسەڵاتدارانی تاران، ناچار دەکا کە ناتوانن وەکوو رابردوو ئەسپی سەرەڕۆیی خۆیان لینگ بدەن، لە چەندین حەڵەتیش دا دیومانە کە لە بەرانبەر یەکڕیزی جەماوەردا پاشەکشە دەکەن.

لە سەر بنەمای ئەم پێویستی گەلە، دەبینرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە ئۆگران و چالاکانی بواری سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نیوخۆی وڵات لە ریگای جۆراوجۆرەوە هەنگاو بەرەو پێکهێنانی بزوتنەوە گەلێک دەنێن، کە سیمای نەتەوەیی گەلە بەشخوراوەکەمانی پێوە دیارە. لە گەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی ئەم چالاکییانەش دا زۆربەی ئەو دڵسۆزانەی کە بۆ چارەنووسی گەلەکەیان بە پەرۆشن، بە پارێزەوە دەروانە رەوتی رووداوەکان و ئەگەر پێوەندی بە پیلانی دوژمنانەوە نەبێ و وەک ئالتێرناتیڤێک بۆ بزووتنەوەی رەوای کورد بەکاری نەهێنن، حەز دەکەن چالاکانە خۆیانی تێدا ببیننەوە .

لە ماوەی نیوسەدەی رابردوودا، گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی نابەرانبەردا، زۆر بە سەختی بەرەورووی دوو

ڕێژیمــی دیکتــاتۆری وەک دەوڵەتــی نژادپەرەســتی پاشــایەتی لە سـەردەمێک دا و دەوڵەتـی بنـاژۆخوازی کۆنەپەرەستی ئاخونـدی لە سەردەمی ئێستادا بـۆتەوە. لە میانەی هەر دوو دەورەدا، گەلـی کـورد نە متمانەی پێکراوە کە بەشداری دەسەڵات بێ، نە ڕێگەی پێـدراوە کە خاوەنــداریێتی لە مێــژوو، کولتــوور و نەریتــی خــۆی بکـا. بەڵام ئەمرۆکە وەک دەبینین، گرافیکی داخوازییەکانی گەلی کورد، هیچ کە دانەبەزیــوە بەڵکــوو بەردەوام لە هەڵچــوون دایە. بەشــێکی زۆری هۆکارەکــان دەگەڕێــنەوە بــۆ خەبــاتی کــۆمەڵایەتی بە هەمــوو جۆرەکـانییەوە کە بەردەوام یاریـدەدەر و پشـتیوانی خەبـاتی سیاسـی جـووڵانەوەی کـورد بـوون. کە واتە تـا ئەو ڕۆژەی کە نەتەوەکەمـان ئیرادەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستەوە نەرگرێ، ڕەواتـی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ڕیتمی دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی دەمێنێتەوە.

تیشک

# دوواهاتەکانی دارِمانی دیواری بەرلین

# و

# کاریگەریانی لەسەر
# خەباتی خۆرهەڵاتی کوردستان

راسان

دارِمانی دیواری بەرلین لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا یەکێک لە مەزنترین رووداوەکانی سەدەی بیستەم بوو کە گەلیک دوواهاتەی بە دووای خۆیدا هێنا و تا هەنووکەیش کاریگەریەکانی لە سەر دنیای ئێمە بەردەوامە و پێم وایە زەمەنێکی زۆرمان دەوێت تا خۆمان لە ژێر باری دارِمان و تەپوتۆزی رووخانی دیواری بەرلین بێنینە دەرەوە و بتوانین دنیا وەک خۆی ببینین. شۆڕشی ئۆکتوبری ساڵی ١٩١٧ لەرووسیەی ئەو کات، بوو بە هۆی دروسبوونی جەمسەری خۆرهەڵات و بەربەرەکانێ لەگەڵ دنیای رۆژئاوا و درووسبوونی دوو جەمسەری لە دنیادا. لانیکەم پاش شەڕی جیهانی دووهەم' و پاش حەفتا و چوار ساڵ و بەلارێدا چوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و لە کۆتایدا سۆسیالیزمی مەوجوود، نەیتوانی یان رێبەرانی نەیان ویست لەوە زیاتر درێژە بە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ رۆژئاوا بدەن و ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنیان دابوو، دیوارەکانی دارِما و خەڵکی ئەو شوێنانەی کە یەکیەتی سۆڤیەت بەسەریدا زاڵ بوو وەک رزگاری لە جەهەنم ناویان برد.

لەم ماوەدا و لە کاتی ناکۆکی لە نێوان دنیای خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، یەکێک لەو دەستەواژانەی کە بووە باو و وەک دیاردەیەکی پیرۆز یادی لێدەکرا، "شۆڕش" بوو. لەو سەردەمەدا شانازی خەڵکانی ژێر دەست و رووناکبیرانی دەرووەست، "شۆڕشگێربوون" بوو، کە پاش دارِمانی دیواری بەرلین ئەم دەستەواژەیش بایخی خۆی لەدەست داوو وای لێهات کە "شۆڕش" و

"شۆڕشگێڕبوون" بووە دیاردەیەکی نارەوا، و شانازی بە "ریفۆرم" و "ریفۆرمخوازبوون" دەکرێت و نووسخەی ریفۆرم بۆ هەموو دەسەڵاتێک دەپێچرێتەوە بێ ئەوەی بیر لەوە کرابێتەوە کە ئاخۆ دەسەڵاتەکان دەتوانن ریفۆرم قەبووڵ بکەن؟؟

لەم بابەتەدا نامان هەوێت بپەرژێینە سەر ئەو باسە کە ئاخۆ، یەکیەتی سۆڤیەت، سەرمایەداری حکوومەتی بوو یان بە راستی سۆسیالیسم خراپ جێ بەجێ کرا. یا خود کۆتایی سوسیالیزم هەر ئەوەیە؟ بەڵکوو بە کورتی دەپەڕژینە سەر کاریگەریەکانی چۆک دادانی سۆسیالیسم لە سەر ئێمەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ئەو تێوریانەی کە پاش ئەم رووداوە هاتنە ئاراوە و لەسەر خەباتی ئێمە کاریگەریان دانا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک کاریگەرترین پێشەنگی خەباتی خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لە کاتی دووا هەناسەکانی جەمسەری سۆڤیەت دا گەورەترین کارەساتەکان لە مێژووی خۆیی و خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا تۆمار دەکات. لە ماوەی سێ ساڵدا و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨تا ١٩٩١ دا دوو رێبەری خۆی لە دەست دەدات کە لە مێژووی تەواوی بزووتنەوەکان و حیزبەکانی سەرانسەری دنیادا شتێکی کەم وێنەیە. کاتێک گەورەی ئەم کارەساتە زیاتر دەردەکەوێت کە ئێستا و پاش نزیک بە سی ساڵ سەیرێکی دەور و پشتی خۆمان بکەین، حیزب و رێکخراوەی مەزن هەیە کە ناتوانن مەرگ یان لە دەستدانی رێبەرانیان قەبووڵ بکەن. هەرچەند خاوەن دەسەڵاتن، لەگەڵ بارودۆخی ئەو کاتی حدکا بەراورد ناکرین. ئەو

کات حیزبی دێموکرات سەرقاڵی شۆڕش و خەباتێکی قارەمانانە و دژوورا بوو و لە ژێر هێرشی سەربازی و راگەیەندنی کۆماری ئیسلامیدا بوو. سەرنج راکێش ئەوەیە هەر لەو دۆخە دژوارەدا دێموکراسی نێوخۆیی لەم رێکخراوەدا تا رادەیەکی باش دەپارێزرێ. هەروەها حیزبی دێموکرات، توونیویەتی سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ خۆی بپارێزێت و هەڵویستە سیاسییەکانی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەت بووە. شەڕی ئێران و عێراق لە لایەن کاربەدەستان و هاوفیکرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک بەستێنی خەباتی رێکخراوەکانی دژبەری لێکدەدرایەوە. بۆیە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ٨ساڵە و ئاگربەستی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی بەعسی عێراق، لەو خەونەدا بوون کە حدکاش وەک رێکخراوەکانی دیکە توانای درێژەدانی خەباتی نییە و ئاشبەتاڵ رادەگەیەنێت. بەڵام دوکتور قاسملوو پاش کۆتایی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە دووایین وتاریدا لە رۆژنامەی "کوردستان"، ئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر جارێکی دیکە ئاشبەتاڵ لە کوردستاندا روو نادات و حیزبی دێمۆکرات خەباتی رەوا و شۆڕشگێڕانەی خۆی درێژە دەدا تا گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کورد. پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو، دوکتور سادق لەسەر ئەم رێچکە بەردەوام دەبێت و بە شایەدی دۆستان و دوژمنانی حیزب، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا حدکا شۆڕشگێرترین و چالاکترین رێکخراوەی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی بووە. حیزبی دێموکرات، هەرچەند رێبەریکی کاریزماتێکی لە دەسداوە بەڵام ئەو

راستیه دەسەلمێنێت کە خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبە پێشەنگەکەی تەنیا گرێدراو بە کەسێک نەبێت. لە راستیدا هەرچەن تیرۆری دوکتور قاسملوو زبرێکی هەرە مەزنی لە پەیکەرەی خەباتی کورد بە گشتی و خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان وەشاند، بەڵام کۆتایی بەو بیرۆکە هێنا کە خەباتی نەتەوەیی کورد، گرێدراوی کەسێکی کاریزماتیکە نەبێت. شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەسپێکی ئەو قۆناغە لە خەباتی خەڵکی کوردستان بوو کە ئیتر خەباتی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی رێبەریکی کاریزماتیک هاتوەتە دەرەوە و ئاستی وشیاری خەڵکی کوردستان ئەوندە گەشە کردووە کە بە نەمانی رێبەرانیان خەبات و ئاواتەکانیان لە نێو نەچێت.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵدا کە دوکتور سادق شەرەفکەندی رێبەرایەتی حیزبی لە ئەستوو دا بوو، بە رەچاو کردنی رێچکەیەکی شۆڕشگێڕانە و سەربەخۆ، بە گژ مەحاڵدا دەچێت و ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە حیزبی پێشەنگ و پێشڕەو دەتوانێت هەستی شۆڕشگێڕانە لە ناو خەڵکی خۆیدا پەرە پێبدات. هەوەها ئەو تواناییەی هەیە کە بارودۆخی خەبات و شۆڕش بۆ خۆی پێک بێنێت. هەرچەند تەواوی پاڕامێترەکانیش بە دژی بن. لە هەمان کاتدا چونکە حیزبی دێموکرات بەرژەوەندی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە گشتی بە ئامانجی خۆی دەزانی و لە لایەکی دیکەوە حیزبی دێمۆکرات هیچکات لەسەر ئەو باوەڕە نەبووە کە خەباتی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان بێتە پاشکۆی خەباتی

پارچەیەکی دیکەی کوردستان. هەروەها لە کاتی دارمانی دیواری بەرلیندا، دوکتور سادق لە بابەتێکدا باس لەو راستییە دەکات کە رووخانی جەمسەری یەکیەتیی سۆڤیەت، بەو مانایە نییە کە خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا کۆتایی پێ هاتووە،بەڵکوو ئەو راستیە دەردەخات کە ئەم دارمانە نابێ وەک کۆتایی و نەمانی بیرۆکەی شۆڕش و سۆسیالیزم لێک بدرێتەوە و دەبێ خەبات بۆ دنیایەکی باشتر درێژەی پێ بدرێت. کۆتایی مێژوو و ریفۆرمەکانی بازار ناکرێ تەنیا وەک باسی چەند بیرمەند لێک بدرێتەوە کە لە ناو لاپەڕەی کتێبەکاندا قەتیس ماوەتەوە. بە پێچەوانەوە ئەم باسانە کاریگەری قووڵی لە سەر خەباتی خەڵکی جیهان بە گشتیی و خەباتی کورد بە تایبەت داناوە. لەم ماوەدا ئەکرێ باس لە چەند مانگرتنی سەرانسەری خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات کە حیزبی دێموکرات رێکیخستووە و هەندێ چالاکی مەدەنی و کەلتووری بکەین کە کاریگەری ئەرێنیشیان لەسەر هزری خەڵکی کورد و بەرەو پێش چوونی خەبات بووە، بەڵام ئەم هەنگاوانە پێویستی لە تێکەڵکردن و لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ هەیە. تا بتوانین دنیایەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستان بخولقێنین. ئەم بارودۆخە لە خەباتی خەڵکی خۆرهەڵاتدا تا نەورۆزی ساڵی١٣٩٥ی هەتاوی و وتارەکەی سکرتێری گشتیی حیزب درێژەی بوو. پەیامەکەی بەڕێز هیجری، کاتێک باسی گرێدانی خەباتی شاخ و شار و باس لە پشتیوانی خەباتی شاخ لە شار و باس لە گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکات بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، بە روونی دەردەکەوێ کە شۆڕش

و خەبات لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکدا، وەک دیاردەیەکی پیرۆز لێکدەدرێتەوە. هەر بۆیە جاریکی دیکە دەیهەویت بچێتەوە سەر ریبازی راستەقینەی خۆی و بەرژەوەندی خۆرهەڵاتی کوردستان دیارکەری ئامانج و ستراتیژ و تاکتیک بێت. سکرتیری گشتی حیزب بەم وتارە جارێکی دیکە باوەڕی بە کردەوە بە خەبات و شۆڕش لە پێناوی دنیایەکی باشتردا بۆ خەڵکی کوردستان وێنا دەکات و ئەو پێشوازیە بەرینە کە خەڵکی کوردستان لەم قسانە دەیکەن ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە حیزبی دێمۆکڕات پێشەنگی خەباتە لە خۆرهەڵاتی کوردستان وبە هەست بە بەرپرسایەتی کردن، دەتوانی بە گژ ئەو بارودۆخەدا بچێتەوە. لێرەدا دەتوانین دژبەرانی راسانی سەرلەنوێی خەباتی خۆرهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات بە سەرسێ بەرەدا دابەش بکەین کە بریتین لە:

بەرەی یەکەم: ئەو کەسانەی کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە خەباتی شۆڕشگێرانە و شیلگیر بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی گەلی کورد نییە. چونکە ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە چوارچێوەی"کۆماری ئیسلامی"دا ئیمکانی ریفورم هەیە. بەڵام ئەگەر ئەو کەسانە یاسای بنەڕەتی و میژووی کۆماری ئیسلامی جاریکی دیکە سەر لە نوێ بخوێننەوە، ئەو کات باشتر دەزانن کە ئە سیستمە شیاوی ریفورم هەڵگرتن نییە .

بەرەی دووهەم: لەو کەس و لایەنانە پێکدێ کە لەو باوەڕەدان کۆماری ئیسلامی خاوەن هێزیکی گەورەی سەربازی و ئابووریە و ئێمە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا ناتوانین بەربەرەکانێ بکەین. ئەو کەس

و لایەنانە لەلایەک چونکە باوەڕیان بە هێز وتوانا خۆیان نەماوە و بەردەوام تووی ناهومێدی دەچینن و لە لایەکی دیکەوە بێ ئاگان لە هێزی رووخێنەری خەڵکی کوردستان و هەستی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگیری خەڵک کە هەمیشە لە دەرفەتی گونجاو دا خۆی نێشان داوە و یان خۆیان گێل دەکەن .

بەرەی سێهەم: ئەو کەسانن کە باس لەوە دەکەن کە گرێدانی خەباتی شاخ و شار دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر بە خەڵکدا زەبر و زەنگ سەرکوت زیاتر بکات و یان بە شێوەی توند وتیژیانە لە گەڵ نارەزایەتی و ئیعترازاتی مەدەنی خەڵک هەڵ سوکەوت بکات.ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو نزیک بە چواردەیە لە دەسەڵاتداری خۆی هەمیشە ویست و داخوازی گەلانی ئێرانی بە گرتن و زیندان و ئیعدام و سەرئەنجام بە فیشک داوەتەوە. هێرشی ڕێژیم بۆ سەر نارەزایەتی خەڵکی کورد لە هاوینی ١٣٨٥ی هەتاویدا و یان هێرش بۆ سەر کوی زانستگای تاران لەساڵی ١٣٧٨ی هەتاویدا و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ئیعترازاتی خەڵک لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا کە بۆ وەرگرتنەوەی دەنگەکانیان هاتبوونە مەیدان چون و بە توندترین شێوە سەرکوت کران. ئەوانە تەنیان نموونەیەک بوون لە هەزرارن نموونەی دیکە کە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەرحەق بە گەلانی مەدەنی ئێران کراوە .

بە سانای دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە یەک خاڵ، کە ئەم سێ لایەنە پێکەوە گرێ دەدا، ئەویش پێوست نەبوونی شۆڕش و مانەوە

له دۆخـــی چـــاوەڕوانی دایە و قەبـــووڵ کردنـــی ئەوەی کە دۆخـــی مەووجـود کۆتـایی میـژوویە و لە ئەنجامـدا ئـێمەش هەر دەگەیـنە قۆناغی کۆتایی مێژوو بێ هیچ خەبات و بەرخۆدانێک .

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم دارمانی دیواری بەرلین و دواهاتەکانی و بیرۆکەی کۆتایی مێژوو و ئەو لقانەی لێیکەوتەوە کاریگەری لە سەر لاواز بوونی شۆرش لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێراندا دانا و چالاک ترین و کاریگەر ترین بەرهەڵەستی کۆماری ئیسلامی وا لێکرد کە نزیک بە بیست ساڵ لە دەشتی کۆیەدا قەتیس بمێنێتەوە و بکەوێتە دۆخی چاوەڕوانی. پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی بەرێز هیجری ئەتوانێ راسانێکی نوێ بێت بۆ خەباتی خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات بە گشتی و حیزبی حیزبی دێمۆکڕات وەک رێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد بێت. بەو مەرجەی کە کۆتایی بە بیرۆکەی کۆتایی هاتنی خەبات بێنین وەک بەدیۆ دەڵێ: "دەبێ دژایەتی بکەین، لەگەڵ تەواوی ئەوانەی کە دەیـان هەوێ بـاس لە کۆتـایی بـکەن، لەگەڵ گشـت کـۆمەڵی دووایـن مرۆڤەکـان، تـاقمی بەچۆکـداهاتوو و مانـدوو لە خەبـات، بەو خـاکەڕا بوونەیـان کە بیزمـان هەڵدەسێنن و تورەمان دەکەن، کۆتایی هونەر، کۆتایی میتافیزیک، کۆتایی بەرهەمی هـونەری ،...ئیتـر بەسـە، بێـنەوە بە یەک جـاری کۆتـایی تەواوی کۆتایەکان رابگەینین و باس لە هەموو ئەو ئیمکانانە بکەین کە هەن، کە بوون و دەتوانن ببن ."

# دۆخی کورد

## لە ژێر کاریگەریی پێماننانە نێونەتەوەییەکاندا

تیشک

# سایکس پیکۆ
# و
# چارەنووسی کورد

عیرفان رەهنموون

ساڵیک پاش دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) ، واتە لە ١٩١٥ی زایننــی دا ، وڵاتنــی بەریتانیــا و فەرانســە ، بەو ئاکـامە گەیشـتن کە بەرەی عوسـمانی لەو جەنـگەدا ، خـاڵی لاوازی بەرەی هاوپەیمـانێتی(ئاڵمـان-ئـوتریش-مەجارسـتان)ەو دێـر یـا زوو بەرەو هەرەســهێنان و لەنێوچــوون دەڕوات و پێویســتە کە وڵاتــانی نەیاری ئاڵمانیا و هاوپەیمانەکانی ، بەوردی لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕ بیــروەرابکەن و لە ئەگەری شکەســتهێنانی عوســمانی دا ، بتــوانن بە شێوەیەکی گونجاو داروپەردووی ئەو ئیمپراتـۆرییە پانوپۆڕە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.هەر بۆیە بەریتانیا و فەرانسە ، یازدە نامەی نهێنییــان لە نیــوان خۆیانــدا ئــاڵوگۆڕ کــرد تــا بتــوانن بــگەنە لێکتێگەیشــتنێکی ئەوتــۆ کە بەر بە ئەگەری نــاکۆکی و پێکنــاکۆکیی بەرژەوەندی لە پاش هەرەسی ئیمپراتۆری عوسمانی بگرن.

بـۆ ئەو مەبەسـتە ، لە مـانگی مـای ١٩١٦ دا ، "مـارک سـایکس" گەورە دیپلۆماتی بەریتانی و " جۆرج پیکۆ" دیپلۆمـاتی فەرەنسـەوی ، ڕێکەوتننامەیەکیـان بـۆ دابەشـکردنی قەڵەمـڕەوی دەوڵەتـی عوسـمانی واژۆ کرد کە لە مێژوو دا بە ڕێکەوتننامەی " سایکس-پیکۆ" ناسراوە.

پــاش واژۆکرانــی ئەو ڕێکەوتننــامەیە ، هەردوو وڵات بەو ئاکــامە گەیشـتن کە نـاکرێ بەرژەوەنـدییەکانی رووسـیای تـزاری پشـتگوێ بخــرێ ، چــونکە هەم هاوپەیمانییــانە لە جەنــگ دژی ئیمپراتــۆری عوســمانی دا و هەم لە رووی جــوگرافییەوە نزیکتــرە لە نــاوچەی رۆژهەلاتــی نــاڤین و هەم یەکێ لە وڵاتـانی خـاوەنپێگە و نفـووزە لەو نــاوچەیەدا و پشتگوێخســتنی بەرژەوەنــدییەکانی ، دەتــوانێ پــاش

کۆتاییهاتنی جەنگ ، ئاریشەی مەزن بۆ فەرانسە و ئینگلیس چێ بکات.

سایکس و پیکۆ بەمەبەستی راوێژ و هاوتەریب کردنی رووسیا لە تەک دابەشکارییەکانیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕست دا ، سەردانی 'پترۆگراد" یان کردو لەوێ لەگەڵ "سازانۆف" گەورە دیپلۆماتی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە و دیدو بۆچوونەکانی خۆیان لەمەڕ دابەشکردنی داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانی بە ئاگادریی نوینەری رووسیا گەیاند.

سازانۆف دوو مەرجی سەرەکی بۆ قەبوولکردنی رێکەوتننامەی " سایکس-پیکۆ" لە لەیان رووسیاوە خستەروو کە بەریتانیا و فەرانسە بە مەرجەکانی " سازانۆف" رازی بوون.زۆربەی مێژوونووسان پاش رەگەڵکەوتنی روسیا ئەو رێکەوتننامەیە بە رێکەوتننامەی " سایکس-پیکۆ-سازانۆف" ناودێر دەکەن.

مەرجەکانی رووسیا بریتی بوون لە:

یەکەم: پێویستە بەریتانیا و فەرانسە ، هەقی رووسیا بۆ سەرپەرشتی کردنی کلیسای ئۆرتۆدۆکس لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا بە فەرمی بناسن و ئاستەنگ لە رێگای چالاکییە مەزهەبییەکانی ئەو وڵاتەدا پێک نەهێنن .

دووهەم: هەقی کەڵکوەرگرتنی رووسیا لە ئاوە گەرمەکانی دەریای مەدیتەرانە و بەتایبەت تەنگەکانی "بۆسفێر و داردانێل" بەفەرمی بناسن و لەو پێوەندییەدا هاوکاری رووسیا بن.

شیاوی ئاماژەیە کە لە رێکەوتننامەی "سایکس-پیکۆ-سازانۆف" دا

هیچ ئاماژەیەک بە مافی کوردەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی نەکرا بوو و دەتوانین بڵێین کە سوودمەندی سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامەیەدا ، نەتەوەی عەرەب بوو. عەرەبەکان پێش ئەو ڕێکەوتننامەیە خاوەنی هیچ چەشنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو و لە ئاکامی ئەو ڕێکەوتنەو ڕێکەوتنەکانی پاش کۆتاییهاتنی جەنگ یەکەمی جیهانی ، بوونە خاوەنی ستاتۆی تایبەت بە خۆیان و چەندین وڵاتی نوێی عەرەبی کەوتنە سەر نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەلاتی نێوەڕست.

لەو پێوەندییەدا ،زەرەرمەندی سەرەکی کورد و پاش کوردیش ئەرمەنییەکانی ئانادۆڵ بوون کە لەلایەن رووسیاوە بەڵێنیان پێدرابوو کە ئەگەر ئەوان لەگەل دەوڵەتی عوسمانی دا بجەنگن ، ئەوا رووسیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان لە بەشێک لە ئاناتۆلی دا بۆ پێک دێنێ. بەڵام رووسیا بەڵێنییەکانی خۆی نەبردە سەر و لەئاکامدا ئەرمەنییەکان لەلایەن تورکەکانەوە ژینوساید کران وئیدی ئەرمەنییەکانی ئەناتۆلی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ناوچەکە بەتەواوی لەدەست دا

دەتوانین بێژیین کە ڕێکەوتننامەی "سایکس- پیکۆ" لێکتێگەیشتنێکی گشتی بوو لە نێوان بەریتانیا و رووسیا و فەرانسا بۆ ئەگەری شکستهێنانی قەڵمڕەوی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکردنی ئەو قەلمڕەوە لە نێوان هێزەبراوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا.بەڵام پاش هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٨ ی زایینی دا ، دۆخێکی تا ئەندازەیەک جیاواز لە کاتی واژۆکرانی

ڕێکەوتننامەی " سایکس- پیکۆ" هاتە ئاراوە و ئەوەش وایکرد کە بڕێک لە خالەکانی ڕێکەوتننامەکە کەم و زیاد بکرێ و گۆڕانکاریی پێویستی تێدا ڕەچاو بکرێ.

ڕووداوێکی گرنگ کە کاریگەری و شوێندانەرییەکی دیارری لە سەر ریکەوتننامەی " سایکس-پیکۆ-سازانۆف" دانا ، شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی روسیا بوو کە ساڵیک پێش کۆتاییهاتنی جەنگ یەکەمی جیهانی هاتە ئاراوە و ئەو شۆرشە بووە هۆی ئەوە کە سیاسەتی جەنگ لە بنەڕەتدا گۆڕنی بەسەردا بێ.چل رۆژ پاش شۆرشی بلشڤیکی لە رووسیا ، ڕاگەیەندراوێ بە وژۆی "لینین" ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبر بڵاوکرایەوە کە تێیدا هاتبوو؛

"هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی رووسیای تێزاری لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستەکاندا بۆ دابەشکردنی ولاتان کراوە ، دەستبەجێ وبێ هیچ مەرجێک هەڵدەوەشێتەوە"

شایانی ئاماژەیە کە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبر ،سوپای روسیای تێزاری دەستی بەسەر ناوچەکانی "ورمێ-مەهاباد-کرماشان" لە رۆژهەلاتی کوردستان و "ئەرزرووم - ئەرزەنجان-وان-بدلیس" لە باکووری کوردستان و ناوچەکانی "خانەقین-پێنجوێن-ڕەواندوز" لە باشووری کوردستان دا گرتبوو.

لە ساڵی ١٩١٨ دا ، نوێنەرانی رووسیا و تورک ، ڕێکەوتنێکیان دەربارەی ڕاگرتنی جەنگ واژۆ کرد بڕیار درا هێزەکانی رووسیا لە ناوچە داگیرکراوەکانی عوسمانی بۆ سنوورەکانی پێش جەنگ بکشێنەوە و هەروەها ڕێککەوتن کە تیپە چەکدارەکانی ئەرمەنییەکانی

ئەناتۆلی هەڵوەشیننەوە.
هەر لە هەمان ساڵدا ، بەریتانیا و فەرەنسە ڕێکەوتن کە ویلایەتی موسڵ لە ناوچەی نفووزی فەرانسا وە بگوازنەوە بۆ سەر قەڵمڕەوی بەریتانیا.
لە ساڵی ١٩١٧ دا ،هێزەکانی بەریتانیا شاری بەغدایان داگیر کرد و لەساڵی ١٩١٨ دا "شیخ مەحموودی نەمر" ڕووبەڕووی هێزەکانی بەریتانیا بوویەوە و دواتر دەستگیر کراو بۆ دەرەوەی کوردستان دوورخرایەوە.پاشان ئنگلیسیەکان شێخ مەحموودیان گەڕاندەوە و دانوستانیان لەگەڵدا کرد و حوکمڕانیی دەڤەری سلێمانییان پێ سپارد و بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیان پێ دا و دواتر لە ژێر گوشاری عەرەبەکان دا ، بەریتانیا لە بەڵێنەکەی پاشگەز بۆوە و "فەیسەڵ شەریف"ی کردە پاشی عێراق و سلێمانی و موسڵ لکێندران بە دەوڵەتی نوێی عەرەبیی عێراقەوە.
ساڵی ١٩٢٣ ، شیخ مەحموود بۆ جارێکی دیکە راپەڕی و بریتانیاییەکان بە فڕۆکە کوردستانیان دایە بەر رەهێڵەی ئاسن و ئاگر و لە ساڵی ١٩٢٤ دا ، شکستیان بە راپەڕینی کوردان هێنا و هەموو مافەکانی کوردیان زەوت کرد و کوردستان لەلایەن عەرەبەوە داگیر کرا
پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەساڵی ١٩١٩ دا کۆنگرەیەک لە فەرەنسا پێکهات کە بە نێوی "کۆنگرەی ئاشتیی پاریس" ناسراوە. لەو کۆنگرەیەدا تاوتوێی دۆخی پاش شکستی عوسمانیله جەنگی یەکەمی جیهانی دا کرا و چۆنییەتی دارشتنەوەی

نەخشـــەی سیاســیی نــاوچەی ڕۆژهەڵاتــی نــاڤین کەوتە ڕۆژەڤــی کـۆنگرەکەوە.لەو کـۆنگرەیەدا "ژنـراڵ شـەریف پاشـا" بە نـوێنەرایەتی نەتەوەی کــورد بەشــدار بــوو و تــوانی زۆر بە باشــی داکــۆکی لە مافەکـانی کـورد بکـاو لەژێـر کـاریگەری ئەو دا ، کـۆنگرەی ئاشـتی پــاریس ، دانــی بە مافەکــانی کــورد دا نــا و بڕیــاری دا کە لە کوردستاندا ڕاپرسی بۆ دامەزرانی ستاتۆیەکی کوردی بکرێ.

ســاڵێک دواتــر لە ١٩٢٠ دا کـۆنگرەیەکی دیـکە بـۆ تـاوتوێکردنی هەمان پرس لە وڵاتـی ئیتالیا پێکهات کە بە "کۆنگرەی سان ریمـۆ" ناســراوە و لەو کۆبــوونەوەیەدا ، دیپلۆمەتەکــانی وڵاتــی ئیتالیــا زۆر بەرپرسانە پشتیوانییان لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد کـرد و باسی دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیان هێنایە ئاراوە.

هەر لە هەمـان ساڵدا واتە لە ١٩٢٠ دا پەیماننامەی "سیڤەر" واژۆ کـرا و بـۆ یەکەمـین جـار لە مێـژووی هـاوچەرخی کـورددا ، دان بە مافەکـانی کـورد دا لە پەیماننـامەیەکی نێـونەتەوەیی دا نـرا و بەپێـی پەیماننــامەی "ســیڤەر" ڕێگــا بە کــورد درا کە لەمــاوەی ســاڵێک دا ، دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێ. جێگای ئامـاژەیە کە لەو پەیماننـامەیەدا شـارەکانی "وان -مـووش و بـدلیس" خـرانە سـەر نەخشــەی دەوڵەتــی نــوێیی ئەرمەنــی کە بڕیــار بــوو لە بەشــێک لە ناوچەکانی ئانادۆل دا دابمەزرێ.

پــاش پەیماننــامەی ســیڤەر تــورک و عەرەب ترسـیان لێنیشـت و کەوتـنە جموجـووڵ بـۆ دروسـتکردنی ئاستەنگ لەبەردەم دامەزرانـی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دا و بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەیەکیان

لە وڵاتـی میسـر پێکهێنـا کە بە "کـۆنگرەی قـاهیرە" ناسـراوە. لەو کـۆنگرەیەدا تـورک و عەرەب دژی کـورد یەکیـان گـرت و هـیچ نـوێنەرێکی کوردیـان بـۆ کۆنگرەکەیـان بانگهێشـت نەکـرد و لەسـەر دابەشـکردنی سـەرزەمینی کـورد لە نێـوان عەرەب و تـورک دا رێکەوتـن و بەوشـێوە رەوتـی دەرهاویشـتنی نەتەوەی کـورد لە گۆرانکارییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕستدا چووە قۆناخێکی مەترسیدارەوە و کـۆنگرەی قـاهرە ، هەمـوو بوارەکـانی خۆشـکرد بـۆ بەسـترانی پەیماننـامەی نەگریسـی" لـۆزان" لە سـاڵی ١٩٢٣ دا کە وڵاتـانی رۆژئاوایی لەو پەیماننامەیەدا لە هەموو بەڵێنییەکانیان سەبارەت بە کـورد پاشـگەز بـوونەوە و بە فەرمـی ، کوردسـتانی ژێـر قەڵەڕەوی عوسـمانی کـرا بە سـێ پـارچەوە و بەشـی چـوارەمی کوردسـتان واتە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک خۆی لەژێر داگیرکاری " ئێـران-فارس" دا مایەوە

لەو سەرو بەدەدا "شێخ سەعیدی پیران" بـۆ سـەندنەوەی مافەکانی کورد راپەڕی ، بەڵام کاتێ ئەو راپەڕینە دەستی پێکـرد کە فەرەنسە و بەریتانیـا و سـۆڤیەت لەسـەر بەهێزکردنـی رژێمـی فاشیسـت و کەمالیسـتی تورکیـا بە کـۆدەنگیی تەواو گەشـتبوون و بەبەرچـاوی سـکولار و کۆمۆنیسـتەکانی رۆژئـاواییەوە شۆرشـی رەوای گەلێکـی بندەست خەڵتانی خوێن کراو و راپەڕینی "شیخ سـەعید" لە سالی ١٩٢٣ دا شکستی هێناو و خەونی کوردان بۆ ئازادی و سەربەستی زرا .

شرۆڤەکارانی سیاسی سێ هۆکاری سەرەکیی دەهێننەوە بۆ هۆی

پاشگەزبوونەوەی وڵاتانی سەرکەوتووی رۆژئاوایی لەو بەڵنیيانەی کە بۆ دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ کە بە کوردیان دابوو:

یەکەم: وڵاتــانی فەرانســە و بەریتانیــا بەو ئاکــامە گەیشــتن کە دابەشکردنی وڵات و خاکی کورد بەسەر تورک و عەرەب و فارس دا ، دەبێـتە هـۆی گرێـدراویی فاشـیزمی ئەو وڵاتـانە بە رۆژئـاواوە و هەرکاتێ بخوازن ئاریشە بۆ رۆژئـاوا پێک بێنن ، بە ئاسانی دەتوانن بە کـارتی کـورد پاشـگەزیان بـکەنەوە و بـۆ هەمیشـە بەسـتراوە و گوێڕیەڵیان بکەن و نەوێرن بەرژەوەندیی رۆژئاوا بخەنە مەترسییەوە

دووهەم: فەرانســە و بەریتانیــا بەو ئاکـامە گەیشـتن کە پێویســتە کەمالیستەکان بەهێز بکرێن و وەک دیوارێـک لە بەرامبەر شـەپۆلی کۆمۆنیزم لە مۆسکۆوە بۆ رۆژهەڵتی نێوەڕست کەڵکی لێـوەر بگـرن.و بوونی کورد دەتوانێ بەرأەوەندییەکانی رۆژئاوا بخاتە مەترسییەوە ئەر کورد و سۆڤیەت هاوپەیمانییەک دژی رۆژئاوا پێک بێنن.

سـێهەم:پشـتیوانیی سـۆڤیەت لە کەمالیسـتە بە نـاو سـکۆلارەکانی تـورک لەسـەر حیسـابی نەتەوەی بندەسـتی کـورد بـۆ رزگـاربوون لە مەترسیی ئیمپراتۆریی ئیسلامی لەسەر شۆرشی نـوێی کۆمۆنیستی لە رووسیا.

هۆکـارە سـەرەکییەکانی دابەشـکرانی کوردسـتان دەکـرێ لەم ٥ خاڵەدا کورت بکرێتەوە:

١-کەمتەرخەمــی و خەمســاردی کــورد لەمەڕ رووداوەکــانی سەردەمی جەنگ یەکەمی جیانی و پێکنەهێنانی هێزێکی تـۆکمەی سەربازی کە بتوانێ پاش شکستی عوسمانی ، کۆنترۆڵی ناوچەکانی

کوردستان بکا و داخوازییەکانی کورد بەسەر براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا بسەپێنێ

٢-دژایەتی وڵاتانی هاوپەیمان بەگشتی و فەرەنسا و بەریتانیا بەتایبەتی بۆ پێکهاتنی وڵاتێکی نوێ بە ناوی کوردستان لە رۆژهەلاتی ناڤیندا.

٣-هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی و دامەزرانی تورکیای کەمالیستی و وەک هێمایەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی.

٤- هاوپەیمانیی کەمالیستەکان لەگەڵ بلشەڤیکەکان و پشتکردنی سۆڤیەت لە داخوازییەکانی کورد بە پێچەوانەی تیۆرییە مارکسیستییەکان کە پشتیوانییان لە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوە بندەستەکان دەکرد

٥-سازشکردنی ئینگلیس لەگەڵ کەمالیستەکان ، ئێرانی شاهەنشاهی و عەرەبە رەگەزپەرستەکان کە بە تێکڕا و لە دێرزەمانەوە دژی هەموو ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بوون

ئێستا و پاش تێپەڕینی ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی " سایکس-پیکۆ-سازانۆڤ" دا ، گرروپی تیرۆریستی "داعش" بە داگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە وڵاتی سوریا و عێراق ، بەکردەوە ڕێکەوتننامەی ناوبراوی پێشێل کردوە و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕست بۆ جارێکی دیکە بۆتە گۆڕەپانی جەنگێکی نوێ کە وڵاتانی زلهێز و داگیرکەرانی فارس وعەرەب و تورکیش بوونەتە ئەکتەرە

ســـەرەکییەکانی ئەو جەنـــگە و نەتەوەی کـــوردیش و خـــاکە دابەشکراوەکەی بوونەتە چەقی ئەو جەنگە فرەرەهەندە و مەترسی و دەرفەتی مێژوویی هاوکات بەروو کوردا ئاوەڵایە.

مەترسییەکە ئەوەیە پاش کۆتایی هاتنی ئەو جەنگە و شکستی" دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی-داعش" بۆ جاریکی دیکە مافەکانی کورد لە رێکەوتننامەکانی پاش کۆتایی جەنگەکەدا ، پشتگوێ بخرێ و بۆ جارێکی دیکە ماف و خاکی کورد ببێتە مایەی سەودای سیاسیی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان.

ئەم دۆخە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کورد پاش تێپەڕینی ١٠٠ ساڵ بەســەر رێکەوتنــامەی "ســایکس-پیکــۆ-ســازانۆف" دا ، بتــوانێ مافەنەتەوەییەکانی خۆی دەستەبەر بکات و بە پلانی ورد و شیاو دەرگای هەرچەشنە ساتوسەودایەک لەسەر مافەکانی دابخات.

بۆ ئەوەی کورد لەم دەرفەتە باشترین کەڵک وەربگرێ پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

-تەنیا گەرەنتی سەرکەوتنی کورد یەکگرتن و هاوهەڵوێستی و هاوئــاهەنگییە ، هەرچــۆن هۆکــاری ســەرەکیی بندەســتی کــورد پرشوبڵاوی و ناتەبایی بوە.هەر بۆیە پێویستە کورد لەبەرامبەر داگیرکەرانــی کوردســتان دا هاوهەڵوێســت و تەبــا بــێ و بــۆ چرەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان ، پرینسیپی تلۆرانس و وتووێژ بکاتە بنەما و رێگە نەدات ،داگیرکەرانی کوردستان ناکۆکیەکانی نێوخۆی کورد بقۆزێتەوە و بەدژی کورد کەڵکی لێوەربگرێ.

-ئێســتا کە کــورد بە نــوێنەرایەتیی گەلانــی جیهــان لە بەرەی

هەرەپێشەوەی خەبات لەگەڵ گرووپی تیرۆریستی داعش دایە و لە باشوور و رۆژئاوا ئوستوورەی داعشی تێکشکاندوە ، نابێ فریوی گفتی بێ بنەمای وڵاتانی رۆژئاوایی بخوات و لەباتی گفتی شیرینی رۆژئاواییەکان ، هەنگاوی کردەکی و پشتیوانیی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەوان بکاتە مەرجی هاوکاری لەگەڵ رۆژئاواییەکان دا.

-کورد پێویستە لە جەنگی نێوان بەرەی شیعە"ئێران-عەلەوی-حیزبووڵا-یەمەن-عێراق" وبەرەی سوونە" عەرەبستان-قەتەر -تورکیا" ، بێلایەن بێت و تەنیا دابینبوونی مافەکانی کورد بکاتە بنەمای هەرچەشنە هاوکارییەک.

-کوردەکانی باشوور پێویستە ناکۆکییە نێوخۆییەکانیان وەلانێن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی کورد دا ، پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەئاکام بگەیەنن و ئەم دەرفەتە مێژووییە لە کیس نەدەن

